تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ماسك بەستن

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5986) چوارشەممە 12ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



بەرەو 74 مین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠



8 پوختەیەک دەربارەی کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی و یەکێتی کۆبوونەوەو راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە:

هەردوولا کۆکین لە پشتیوانیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ حوکمڕانی لە سەرتاسەری کوردستان



دوێنێ سێشەممە لە هاوینەهەواری دوکان شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشوازییان لێکرا و دواتریش لەسەر چەندین پرس و تەوەر گفتوگۆیان کرد. شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، هۆشیار زێباری و مەحمود محەمەد و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەلی حوسێن. شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش پێکهاتبوو لە بافل تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتی، هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، رزگار عەلی و شاڵاو عەلی عەسکەری و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خەسرەو گوڵ محەمەد.
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە.

(دەقی راگەیندراوەکە لە ل٣ بخوێنەوە)

فارس عیسا لە بارەی پرسی مووچەی هەرێمەوە:

بەرەوپێشچوونی باش لە دانوستاندنەکاندا هەیە



سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەڵێ، لەسەر پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و عێراق، لەگەڵ ئەمیندارییەتی گشتیلەوانەش مووچە و قووتی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و عێراق.

(زیاتر لە ل٤ بخوێنەوە)

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی بودجە و مووچە گەیشتوونەتە خاڵی هاوبەش



ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی بودجە و مووچە گەیشتوونەتە خاڵی هاوبەش. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، هەولێر و بەغدا گەیشتوونەتە خاڵی هاوبەش لەسەر پرسی بودجە و مووچە و نەوت.

(زیاتر لە ل٤ بخوێنەوە)

وەزارەتی پێشمەرگە: بە هەماهەنگی وەزارەتی بەرگریی عێراق بۆشایی ئەمنیی نێوانمان پڕدەکەینەوە

بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند هاوشێوەی میحوەری دووی هێزەکانی پێشمەرگە مەفرەقەی کاریزە، هەوڵ دەدەین بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنیی نێوانمان لەگەڵ سوپای عێراق لە پێناو دابینکردنی ئەمنییەتی ئەو ناوچانە هەماهەنگی بکەین . لیوا قارەمان شێخ کەمال، جێگری سەرۆک ئەرکان بۆ کاروباری ئۆپەراسیۆن لە وەزارەتی پێشمەرگە بە خەباتی راگەیاند: لە کۆبوونەوەی مانگی رابردووی لێژنەی بااڵی هاوبەشی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و بەرگری عێراق، چەند پرسێکی گرنگ بڕیاریان لەبارەوە درا لەوانەش پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنیی نێوان هەردوولا، بۆ ئەم مەبەستە فەرماندە مەیدانییەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق راسپێردران بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی گرنگی ئەمنییان هەیە.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)

ڕاگەیەندراوێک لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

پێویستە PKK و تورکیا شەڕ و ململانێکانی خۆیان ببەنەوە دەرەوەی خاکی هەرێمی کوردستان وعێراق

(دەقی راگەیندراوەکە لە ل٢ بخوێنەوە)

بەرپرسێکی کۆچ و کۆچبەران: هاتنی عەرەب بەناوی ئاوارەوە بۆ کەرکووک بەردەوامە



3

لە کاتێکدا هەزاران کوردی شاری کەرکووک هێشتا لە هەرێمی کوردستان ئاوارەن، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکووک کە سەر بە حکوومەتی عێراقییە، رایگەیاندووە، هاتنی عەرەب بە ناوی ئاوارەوە بۆ شارەکە بەردەوامە. لە کاتێکدا بەهۆی داگیرکردنی شارەکەیانەوە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هەزاران کوردی کەرکووک ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و تا ئێستاش بەهۆی خراپیی دۆخی ئەمنی ناوچەکە و دەسەاڵتی سەربازی بەسەر شارەکەدا سەپێندراوە، بەشی زۆری ئەو ئاوارە کوردانە نەگەڕاونەتەوە بۆ شارەکەیان، کەچی هاتنی عەرەب لە شارەکانی عێراقەوە بەناوی ئاوارە بۆ کەرکووک بەردەوامە.



5 رووسیا سەرکەوتنی یەکەمین ڤاکسینی دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی لە جیهاندا ڕاگەیاند

سەرۆکی رووسیا، ڤلادیمیر پوتین لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی وڵاتەکەی لە شاری مۆسکۆی پایتەخت رایگەیاند کە ئەم ڤاکسینە لەلایەن ناوەندی توێژینەوەی نیشتمانیی «Gamaleya» دروست کراوە و بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی رووسیا تۆمار کراوە.

(زیاتر لە ل٥ بخوێنەوە)



سەرۆکی حکوومەت پرسەنامەیەکی بۆ کۆچی دوایی سابیر کوردستانی بڵاوکردەوە

دوێنێ سێشەممە ١١-٨-٢٠٢٠ مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد، سابیر کوردستان، پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

پرسەنامەیەك لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە


بۆ بنەماڵەی هونەرمەند سابیر کوردستانی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی نیشتمانپەروەری ناسراوی کوردستان سابیر کوردستانی-م بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە کەسوکار و هاوڕێکانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
١١/٨/٢٠٢٠

وەزارەتی پێشمەرگە:

بە هەماهەنگی وەزارەتی بەرگریی عێراق بۆشایی ئەمنیی نێوانمان پڕدەکەینەوە



بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند هاوشێوەی میحوەری دووی هێزەکانی پێشمەرگە مەفرەقی کاریزە، هەوڵ دەدەین بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنیی نێوانمان لەگەڵ سوپای عێراق لە پێناو دابینکردنی ئەمنییەتی ئەو ناوچانە هەماهەنگی بکەین . لیوا قارەمان شێخ کەمال، جێگری سەرۆك ئەرکان بۆ کاروباری ئۆپەراسیۆن لە وەزارەتی پێشمەرگە بە خەباتی راگەیاند: لە کۆبوونەوەی مانگی رابردووی لیژنەی باڵای هاوبەشی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و بەرگری عێراق، چەند پرسێکی گرنگ بڕیاریان لەبارەوە درا لەوانەش پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنیی نێوان هەردوولا، بۆ ئەم مەبەستە فەرماندە مەیدانییەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق راسپێردران بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی گرنگی ئەمنییان هەیە.

لیوا قارەمان راشیگەیاند: چەندین ناوچەی گرنگ هەن کە بۆ هەردوولا گرنگی ئەمنییان هەیە بەڵام هیچ هێزێکی لێ نییە بپپارێزێت، تیرۆریستانی داعشیش ئەو هەلەیان قۆستووەتەوە و زیاتر ئەو ناوچانە دەکەنە ئامانج کە هێزێکی ئەوتۆی تێدا نییە بۆ پاراستنی، بەمجۆرە ئەو ناوچانە بوونەتە مۆڵگەی داعش.

جێگری سەرۆك ئەرکان بۆ کاروباری ئۆپەراسیۆن لە وەزارەتی پێشمەرگە رووندیشیکردەوە: هەردوولا مەبەستمانە ئەو بۆشاییە ئەمنییەی کە هەیە پربکرێتەوە، هاوشێوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی کە هەبوو لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، لە ماوەی رابردوو بە هەماهەنگی هەردوولا پڕکرایەوە لە میحوەری دووی هێزەکانی پێشمەرگە بە درێژایی ١١ کیلۆ مەتر لە مەفرەقی کاریزە تا ناحیەی قۆری چا.

دوو ئەفسەری باڵای پاسەوانی سنوور بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا شەهید بوون

قایمقامی سۆران وردەکاریی پێکدادانی هێزەکانی پاسەوانی سنوور و پەکەکە دەخاتەڕوو





دوێنێ سێشەممە قایمقامی سۆران رایگەیاند، لە گەڕووی سنگا لە سنووری شارەدێی سیدەکان، پێکدادان لە نێوان هێزەکانی پاسەوانی سنووری عێراق و پەکەکە ڕوویداوە، بەو هۆیەوە شوانکارێك بریندار بووە .کرمانج عیزەت، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە، بەپێی بڕیارێکی حکوومەتی عێراق لەسەر سنوورەکان و لەو شوێنانەی، کە کێشەی تێدا هەیە، بارەگاکانیان زیاد دەکەن بۆ پاراستنی گوند و ئاواییەکان لە شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا.

قایمقامی سۆران ئەوەیشی راگەیاندووە: هێزەکانی پاسەوانی سنوور لەکاتی دانانی خاڵێکی سەربازی، لەلایەن پەکەکەوە تەقەیان لێدەکرێت بۆ ڕێگریکردن لە دانانی ئەو خاڵە سەربازییە، بەوهۆیەوە شوانکارێك بەناوی مناف عەبدوڵڵا بریندار بووە و باری تەندروستی جێگیرە.

ناوبراو چوونی هێزەکانی پاسەوانی عێراق بۆ سنوور بە ئاسایی دەبینێت، بەوپێیەی بۆ ڕێگریکردنە لەو شەڕوئاڵۆزییەی هەیە لە ناوچەکەدا، تا چیتر خەڵك زیانی گیانی و مادەی پێ نەگات. هەروەها جەختی لەوەش کردەوە، کە هێزەکانی پێشمەرگە و پاسەوانی سنوور هەموو ئەو بنکە سەربازییانە بە هاوبەشی بەڕێوەدەبەن.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر ئێوارەی دوێنێ فڕۆکەکانی تورکیا، ئۆتۆمبێلێکی یەکەی پاسەوانی سنووری سەر بە سوپای عێراقیان بۆردومان کرد و زیانی گیانی لێکەوتووەتەوە. لەمبارەیەوە ئیحسان چەلەبی، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان رایگەیاند، فڕۆکەکانی تورکیا، ئۆتۆمبێلێکی یەکەی پاسەوانی سنووری سەر بە سوپای عێراقیان بۆردومان کردووە و زیانی گیانی هەیە.

بە گوێرەی زانیارییەکانیش، عەمید زوبێر حالی، فەرماندەی فەوجی سێی پاسەوانی سنووری سەر بە سوپای عێراق و محەمەد ڕەشید، فەرماندەی لیوای ٢ی پاسەوانی سنوور لە دەڤەری سۆران لە بۆردوومانەکەدا شەهید بوونە.

هەروەها دەستەی راگەیاندنی ئەمنیی عێراق رایگەیاند، لە ناوچەی سیدەکان فڕۆکەی تورکی هێرشیان کردووەتە سەریان و ئامر لیوای دووی پاسەوانیی سنوور - ناوچەی یەك، ئامر فەوجی سێ لە لیوای دوو و شۆفێرەکەیان کوژراون. بڕیاریشە ئەو دەستەیە زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕووداوەکە بڵاوبکاتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
حکومة إقليم كوردستان | وزارة الداخلية
KRG | Ministry of Interior

ڕاگەیەندراوێک لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

پێوەستە PKK و تورکیا شەڕ و ململانێکانی خۆیان ببەنەوە دەرەوەی خاکی هەرێمی کوردستان وعێراق

کاتژمێر ٢:٤٥ پاش نیوەڕۆی دوێنێ، سێ شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١١ لە ناوچەی برادۆست کاتێك هێزەکانی پاسەوانی سنووری سەر بە حکومەتی فیدراڵی خەریکی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوون کە لە خاڵە سنووریەکان دروستبووە بە مەبەستی دوورخستنی هەڕەشەی شەڕ لە دانیشتووانی ناوچەکە، لە لایەن فڕۆکەیەکی لەشکری تورکیاوە ئوتۆمبیلێکی هێزەکەی پاسەوانی سنوور دەکرێتە ئامانج وبەداخەوە دوو ئەفسەری هێزەکە شەهید دەبن بە ناوەکانی (عمید/ محەمەد ڕەشید سلێمان، فەرماندەی لیوای دووی پاسەوانیی سنوور) و(عقید/ زوبێر حالی تاجەدین ، فەرماندەی فەوجی سێی لیوای دووی پاسەوانیی سنوور). هەروەها (عقید/ حیسامەدین عەبدولڕەحمان حەسەن) بریندار دەبێت. لێرەدا دوپاتی دەکەینەوە کە پێویستە PKK و تورکیا شەڕ و ململانێکانی خۆیان ببەنەوە دەرەوەی خاکی هەرێمی کوردستان وعێراق وچیتر خەڵکی ئێمە نەکەنە قوربانیی ئەو ململانێیە.

بەم بۆنە خەمناکەوە ، پرسە وسەرەخۆشی خۆمان ناراستەی بنەماڵەی شەهیدەکان دەکەین ولە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە بە بەهشتی خۆی شادیان بکات و هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین وخەڵکی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەمیشە هەموو توانا و هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دوورخستنەوەی ئەم ململانێیە لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی ناوخۆ
حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٨/١١

ژمارەیەک لایەن دەستوەردانیان لە دەروازە سنوورییەکاندا کردووە

سوپای عێراق: بەهەدەردانی سامانی گشتیی لە دەروازە سنوورییەکاندا کەم بووەتەوە



گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی رایگەیاند کە بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەی لە دەروازە سنوورییەکاندا گرتوویانەتەبەر، ئەنجام و دەستکەوتی باشی لێ بەدیهاتووە. لیوا تەحسین خەفاجی لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی هەواڵیی فەرمیی عێراق تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، میکانیزمێکی باشی بۆ کارکردن لە دەروازە سنوورییەکاندا داناوە و گوتی: بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە دەروازە سنوورییەکاندا گرتوومانەتەبەر، داهاتی وڵات زیادی کردووە و بەهەدەرانی سامانی گشتییش کەم بووەتەوە.

گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ئاشکرایشی کرد کە ژمارەیەك لایەن دەستوەردانیان لە دەروازە سنوورییەکاندا کردووە، بەڵام بە یاسا و هێز بەرپەرچیان دراوەتەوە و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە ڕێگە بە هیچ لایەنێك نادرێت سیستەم و یاسا بەزێنێت.

لیوا تەحسین خەفاجی ڕوونیشی کردەوە کە لە هەر دەروازەیەك میکانیزمێکی تایبەت دانراوە و جگە لەوەیش هێزە ئەمنییەکان زۆر بە باشی ئەرکەکانیان لە دەروازە سنوورییەکاندا جێبەجێ دەکەن. پێشتر فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند کە لەسەر فەرمانی سەرۆکوەزیران و فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، مستەفا کازمی پلانێکی تۆکمە بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرجەم دەروازە سنوورییەکان ئامادە کراوە.

تەقینەوەیەک لە باکووری بەغدا کاروانێکی هێزەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی کردە ئامانج

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند کە لە باکووری بەغدا، بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی سەربە هێزەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش، تەقیوەتەوە. شانەی ناوبراو لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە ناوچەی تاجی باکووری بەغدا، بۆمبێکی چێنراو تەقیوەتەوە کە کاروانێکی سەربە هێزەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش ئامانج.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەیش کراوە کە تەقینەوەکە هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتووەتەوە، بەڵام بەهۆیەوە کۆنتێنەرێك کە لەسەر یەکێك لە ئۆتۆمبیلەکانی کاروانەکە بووە، سووتاوە.



پارتی و یەکێتی کۆبوونەوەو راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە:

هەردوولا کۆکین لە پشتیوانیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ حوکمڕانی لە سەرتاسەری کوردستان



دوێنێ سێشەممە لە هاوینەهەواری دوکان شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشوازییان لێکرا و دواتریش لەسەر چەندین پرس و تەوەر گفتوگۆیان کرد. شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، هۆشیار زێباری و مەحمود محەمەد و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەلی حوسێن. شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش پێکهاتبوو لە بافل تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتی، هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، رزگار عەلی و شاڵاو عەلی عەسکەری و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خەسرەو گوڵ محەمەد.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

راگەیاندراوی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان
پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١١ی ئابی ٢٠٢٠

رۆژی سێ شەممە، رێکەوتی ١١ی ئابی ٢٠٢٠، شاندی تایبەتی گفتوگۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری دوکان کۆبوونەوە و چەند تەوەرێکی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی هەردوولایان خستە بەرباس و گفتوگۆ و بڕیاری پێویستیان لە بارەوە وەرگیرا.

یەکەم/ هەردوولا کۆکبوون لەسەر جێبەجێکردنی ناوەرۆکی رێککەوتنی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی کە لە ٤ی ئادارى ٢٠١٩ ئیمزاکراوە و لە هەموو رووێکەوە بەگشتی و بەتایبەتی لە بابەتی پەرلەمان و حکوومەت، بەشێوەیەك کە هاوکاری حکوومەت و ئۆرگانەکانی بێت بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو دۆخە تەندروستییەی کە پەتای کۆرۆنا دروستی کردووە و هەروەها باری ئابووری و گوزەرانی هاوڵاتیان و باشترکردنی.

دووەم/ هەردوولا کۆك بووین لە پشتیوانیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ حوکمڕانی لە سەرتاسەری کوردستان، بۆ ئەمەش بە پەسەند زانرا رێککەوتنی ئیداری نێوان هەردوولا جێبەجێبکرێت و هەروەها لە هەر شوێنێك گرفتێك بێتە پێش بە تەفاهوم و هاوکاری نێوان هەردوولا بە ڕەچاوکردنی لایەنە بەشداراەکانی دیکە لە حکوومەت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و هەروەها شۆڕکردنەوەی بۆ تەواوی دەفەرەکان لە ئاینەدا.

سێیەم/ راگەیاندنی هەردوولا خۆیان بەدووربگرن لە شێوازی نووسین و بڵاوکردنەوەی گرژ و زبر لەهەموو جۆرە کەناڵەکانی راگەیاندن.

چوارەم/ هەردوولا کۆکبوون لە پەلەکردن بۆ جێبەجێکردنی بڕگی ئەلف لە خاڵی شەشەمی رێککەوتنی سیاسی نێوان هەردوولا، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی تایبەت و پسپۆڕ لە هەردوولا پێکدێت بۆ یارمەتیدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و زیاتر خزمەتکردنی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان.

پێنجەم/ سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ هاوهەڵوێستی هەردوولا کۆکبوون کە دەزگاکانی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە هاوبەشی و بە راوێژ لەگەڵ تیمی هەردوولا لە حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دیراسەی بابەتەکە بکەن و پێشنیاری گونجاو بدەنە هەردوو مەکتەبی سیاسی.

شەشەم/ بۆ سوود وەرگرتن لەکات و زووتر جێبەجێکردنی بڕیارەکان، بڕیاردرا کۆبوونەوەی فراوانی هەردوو مەکتەبی سیاسی لە داهاتوویەکی نزیکدا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر ئەنجامبدرێت.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان **پارتی دیموکراتی کوردستان**

کۆی گشتیی تووشبووان گەیشتە 18 هەزار و 200 کەس

وەزارەتی تەندروستی هەرێم: 653 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون



وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری رۆژێکی ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو کە ٦٥٣ کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و ١٣ هاوواڵتی دیکەش بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە. دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە لە میانی ٢٤٤ کاتژمێری رابردوودا، ٦٥٣ کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەش ٣٩٨ کەس لە هەولێر، ٦٠ لە سلێمانی، ٢٥ لە گەرمیان، ٦٦ راپەڕین، ٨٨ لە دهۆك و، ١٦ کەسیش لە هەڵەبجە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و بەمەیش کۆی گشتی تووشبووان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە، ١٨ هەزار و ٢٠٠ کەس.

وەزارەتی تەندروستیی ئەوەیشی خستوەتەروو کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ٢٤ کاتژمێری رابردوودا گیانیان لەدەستداوە بریتیین لە ١٣ کەس و لەو ژمارەیەش نۆ کەس لە هەولێر، سێ لە سلێمانی و یەك کەسیش لە هەڵەبجە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانییان لەدەستداوە. وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەیش کردووە کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، سێ هەزار و ٣٠ پشکنینی نوێ بۆ هاوواڵتیان ئەنجامدراوە و، ١٧١ کەسیش چاکبوونەتەوە.

هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی ئەو پشکنینەی کە بۆ هاوواڵتیان ئەنجامدراوە بریتییە لە ٢٣٢ هەزار و ٢٤٧ پشکنین و، تا ئێستاش ١٨ هەزار و ٢٠٠ کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و، ١٠ هەزار و ٤٨٠ کەسیش دوای وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی گەڕاونەتەوە ناو ماڵەکانییان و، حەفت هەزار و ٥٠ کەسیش لە نەخۆشخانەکان چارەسەری پزیشکی وەردەگرن و، بە کۆی گشتیش تا ئێستا ٦٧٠ کەس بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانییان لەدەستداوە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی: هاوواڵتیان پابەند بن کۆتایی ئەم مانگە مەترسییەکانی کۆرۆنا کەم دەبنەوە

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ئەگەر هاوواڵتیان پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بن، بە دڵنیاییەوە تا کۆتایی ئەو مانگە مەترسییە قورسەکانی پەتای کۆرۆنا کەم دەبنەوە. د. محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: تا ڕادەیەکی باش هاوواڵتیان پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنان، بەڵام هێشتا تا ئاستی تەواوەتی نییە و ئەوەش وای کردووە ڕۆژانە ڕێژەی تووشبووان بە پەتاکە لە بەرزبوونەوەدا بێت. گوتیشی: وەك وەزارەتی تەندروستی ڕادەگەیەنین کە ئەگەر هاوواڵتیان تا سێ هەفتەی دیکە واتە تا کۆتایی ئەو مانگە، بەتەواوەتی پابەندی ڕێنماییە خۆپارێزییەکانی کۆرۆنا بن، ئەوا بە دڵنیاییەوە دۆخەکە کەمێك ئاسایی دەبێتەوە و مەترسییەکانی ئێستای پەتاکە بەو شێوە قورسە نامێنن، بەپێچەوانەوە کارەساتی گەورە چاوەڕێ دەکرێت کە هیوادارین نەگەینە ئەو حاڵەتە.

د. محەمەد قادر باسی لەوەش کردووە: ژووری ئۆپەراسیۆنەکان لە پارێزگاکان سەرپشك کراون بۆ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ، بۆیە تا ئێستا ئێمە وەك وەزارەتی تەندروستی هیچ پێشنیازێکمان بۆ ئەو مەبەستە نەداوەتە وەزارتی ناوخۆ.

بەرپرسێکی کۆچ و کۆچبەران:

هاتنی عەرەب بەناوی ئاوارەوە بۆ کەرکووک بەردەوامە



لە کاتێکدا هەزاران کوردی شاری کەرکووك هێشتا لە هەرێمی کوردستان ئاوارەن، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکووك کە سەر بە حکوومەتی عێراقییە، ڕایگەیاندووە، هاتنی عەرەب بە ناوی ئاوارەوە بۆ شارەکە بەردەوامە. لە کاتێکدا بەهۆی داگیرکردنی شارەکەیانەوە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هەزاران کوردی کەرکووك ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و تا ئێستاش بەهۆی خراپیی دۆخی ئەمنی ناوچەکە و دەسەڵاتی سەربازی بەسەر شارەکەدا سەپێنداوە، بەشی زۆری ئەو ئاوارە کوردانە نەگەڕاونەتەوە بۆ شارەکەیان، کەچی هاتنی عەرەب لە شارەکانی عێراقەوە بەناوی ئاوارە بۆ کەرکووك بەردەوامە.

دوێنێ سێشەممە عەمار سەباح، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکووك، ڕایگەیاندووە: ئێمە لە سنووری کەرکووك حەوت کەمپی ئاوارەمان هەبوو کە ٤٠ هەزار کەسی شارەکانی عێراق لەو کەمپانەدا بوون، بەڵام ئێستا پێنج کەمپی ئاوارەمان ماوە، واتە دوو کەمپیان داخران و لەناو ئەو کەمپانەی ئێستای ئاوارەکانی کەرکووك، زیاتر لە ١٠ هەزار کەس دەژین. لەبارەی هاتنی بەردەوامیی عەرەب لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ کەرکووك، ئەو بەرپرسە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: بەڵێ هاتنی ئاوارە بۆ سنووری کەرکووك بەردەوامە، هەرچەندە ستراتیژیەتی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بۆ داهاتوو ئەوەیە کە ئاوارەی ناوخۆ نەهێڵێن و ڕێگە ئاسان بکرێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان، بەڵام بۆ ئێستا هیچ فشارێك نییە لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان.

کەرکووک.. بە تۆمەتی گەندەڵی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ دوو بەرپرسی شارەکە دەرچوو

ئەدهەم جومعە بۆ (خەبات): ئەو بەرپرسانە سزا نادرێن و بە گەندەڵییەکی تر دۆسیەکانیان دادەخرێت



دوو بەرپرسی شاری کەرکووك، بەتۆمەتی گەندەڵی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، کە هەردوویان بەڕێوەبەری ئێستا و پێشووی دەستەی وەبەرهێنانی شارەکەن. ئەم بڕیارەش لەسەر سکاڵای دەستەی دەستپاکیی عێراق بووە و سەرەنجام دادگا بە تۆمەتی گەندەڵی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ هەر یەك لە (جارەڵا عەبدوڵا) و (فەلاح بەزاز)، سەرۆکانی ئێستا و پێشووی وەبەرهێنانی کەرکووك دەرچووە.

هاوکات دەستەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕوونیان کردووەتەوە کە ئەو دوو بەرپرسە لە پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونداً گەندەڵییان کردووە. لەمبارەوە دوێنێ سێشەممە ٢٠٢٠/٨/١١، ئەدهەم جومعە، بەرپرسی بزووتنەوەی مافی کورد لە کەرکووك و چالاکوانی دیاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە شارەکە، بە خەباتی ڕاگەیاند: دیارە لە دوای خۆپیشاندانەکانی ساڵی پار و ئەمساڵی بەغدا بڕیار دراوە هەندێك لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەرپرسان بکرێت، بەتایبەت ئەو دۆسیانەی کە لە دەستەی دەستپاکیی عێراقن، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیبینین ڕاستە ڕۆژانە بەتۆمەتی ئەنجامدانی گەندەڵی بەرپرس بانگی بەردەم دادگا دەکرێن و لە کەرکووکیش، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو بەرپرسانە سزا نادرێن و دەرچەیەك بۆ دەربازبوون لەو دۆسیانەی کە لەسەریان هەیە بۆ هەر یەك لە (جارەڵا عەبدوڵا) و (فەلاح بەزاز)، سەرۆکانی ئێستا و پێشووی وەبەرهێنانی کەرکووك بۆ دەردەچێت و سزا نادرێن و زیندانی ناکرێن و بە گەندەڵییەکی تر دۆسیەکانیان دادەخرێت.

ئەدهەم جومعە گوتیشی: نمونەمان زۆرە لە کەرکووك لەسەر ئەو بابەتە بە نمونە عەباس تەقی (تورکمانێکی شیعە بوو) کە سەرۆکی زانکۆی کەرکووك بوو، هەموو گەندەڵییەکی لەسەر سەلێندرا و ماوەیەك لە دادگا لێپێچینەوەی لەگەڵ کرا، بەڵام ئێستا ئەوەتا لە ماڵەکەی خۆی دانیشتووە و کەس ناوی ناهێنێ، بابەتەکە ڕووکەشییە و دەستەکانی دەستپاکی عێراق لقەکەی کەرکووکیان بەتایبەتی لاوازن، چونکە گرنگ ئەوەیە بتوانن گەندەڵی بەرپرسان ئاشکرا بکەن و دادگاش سزایان بدات.

فارس عیسا لە بارەی پرسی مووچەی هەرێمەوە:

بەڕەوپێشچوونی باش لە دانوستاندنەکاندا هەیە



سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەڵێ، لەسەر پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و عێراق، لەگەڵ ئەمیندارییەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کۆبوونەوە.
لەمبارەیەوە فارس عیسا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: لە شاری بەغدا لەگەڵ حەمید غەزی ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، لەسەر چەند پرسێك کۆبوونەتەوە، لەوانەش مووچە و قووتی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و عێراق.
ئاماژەی بەوەشدا لە کۆبوونەوەکە، جەخت لەوە کرایەوە، کە نابێت پرسی مووچەی کوردستان بە سیاسی بکرێت و، دەبێت حکوومەتی عێراقی فیدراڵ ئەو بابەتە چارە بکات، لەم ڕوانگەیەشەوە هەڵوێستی ئەمینداریەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئەرێنی بوو.
فارس عیسا دەشڵێت، لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بەوە درا، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی تەواوی هەیە بۆ چارەکردنی کێشەکان بە پێی دەستوور، بڕیاریشدرا کە هەماهەنگی تەواو هەبێت لە داهاتوودا. لە بارەی چوونی شاندی هەرێمیش بۆ بەغدا، فارس عیسا گوتوویەتی: بەڕەوپێش چوونی باش لە دانوستاندنەکاندا هەیە، هەردوو حکوومەت لە قۆناغی دانووستانی جددیدان، بۆیە هیچ زانیارییەك لەم بارەیەوە باس ناکەم.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی بودجە و مووچە گەیشتوونەتە خاڵی هاوبەش



K٢٤ / سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی بودجە و مووچە گەیشتوونەتە خاڵی هاوبەش. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، هەولێر و بەغدا گەیشتوونەتە خاڵی هاوبەش لەسەر پرسی بودجە و مووچە و نەوت.
گوتیشی، بڕیارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕی پارەی دیاریکراوی نەوت کە ٢٥٠ هەزار بەرمیلە ڕادەستی حکوومەتی عێراقی بکات و لەبەرامبەریشدا حکوومەتی فیدراڵی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکات. هەر چەندە پێشتر بەغدا بودجەی هەرێمی کوردستانی بە تەواوی نەداوە.
ئاماژەی بەوەشدا، ڕەنگە ئەو ڕێککەوتنە بۆ چەند مانگێك بێت، چونکە پێویستە لە پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢١ لەسەر بنەمای دەستوور ڕێککەوتن لەنێوان هەردوولادا بکرێت و بچێتە بواری جێبەجێ کردن.

خۆپیشاندان دژ بە خراپی خزمەتگوزارییەکان لە باشووری عێراق بەردەوامە



بەمەبەستی ناڕەزاییەتی دەربڕین بەرامبەر بە خراپی خزمەتگوزارییەکان بە تایبەتیش ڕەوشی کارەبا، هاوڵاتیانی دانیشتوی ناحیەی عەکیکە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای زیقار باشووری عێراق خۆپیشاندانیان ساز کرد. میدیاکانی خۆجێی بڵاویان کردەوە کە دانیشتوانی ناحیەی عەکیکە باشووری ڕۆژهەڵاتی زیقار خۆپیشاندانیان سازکردووە کە لە میانیدا بۆ ناڕەزاییەتی دەربڕین بەرامبەر خراپی خزمەتگوزارییەکان بە تایبەتیش ڕەوشی کارەبا، ئەو ڕێگە سەرەکییەی کە دەچێتە بۆ ناحیەکەیان داخستووە.
بەپێی میدیاکان لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، خۆپیشاندەران داوایان لە حکوومەتی خۆجێی کردووە کە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین بکات بە تایبەتیش کارەبا، هەروەها داواشیان کردووە کە بەڕێوەبەرانی فەرمانگە حکوومییەکان لابدرێن.
لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا، حکوومەتی عێراق دەسەڵاتی دانوستان و واژووکردنی گرێبەستێك بە بەهای زیاتر لە یەك ملیار یورۆ بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وزەی کارەبا لە وڵاتدا، دابوو بە وەزیری دارایی.
بەپێی وەزارەتی کارەبای عێراق، بەرهەمهێنانی کارەبا، دەگاتە ١٣ هەزار و ٥٠٠ میگاوات و پلانیش دانداوە کە لە میانی ئەمساڵدا، لەڕێگەی وەگەڕخستنی ژمارەیەك وێستگەی نوێ، سێ هەزار و ٥٠٠ میگاواتی دیکە زیاد بکرێت.

قوربانیانی تەقینەوەکەی بەیروت 200 کوژراو تێدەپەڕێنێت



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی بی بی سی دوێنێ سێشەممە پارێزگاری بەیروت ڕایگەیاند کە قوربانیانی تەقینەوەکەی بەیروت 200 کوژراو تێدەپەڕێنێت بەو پێپەی دەیان کەس لە کڕێکارانی بیانی کە لە نزیك تەقینەوەکە کاریان کردووە هێشتا چارەنووسیان نادیارە. مەروان عەبود پارێزگاری بەیروت لە کاتێکدا ئەم لێدوانەی دا کە ناڕەزاییەکانی خەڵکی پایتەخت بەردەوام بوو و دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانی حکوومەتی لوبنانیش نەبووە هۆی بێدەنگبوونی خۆپیشاندەران و داوای سزادانی گەورە بەرپرسە سەربازی و حزبییە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو وڵاتەیان کرد کە بوونەتە هۆی کارەسات و کێشە سیاسی و ئابووری و دارایەکانی لوبنان، بەتایبەتیش وێنەی حەسەن نەسروللایان هەڵواسیبوو کە پەتی لەسێدارەی لە مل کرابوو .
ئێستا بە سەدان هەزار خێزان لە بەیروت یان بە تەواوەتی ماڵ و ئۆتۆمبێلەکانیان لەدەستداوە یان لەماڵەکانیان دەژین کە دار و پەردووی پێوەنەماوە و کارەبا و ئاو لە زۆربەی ناوچەکانی بەیروت بڕاوە و کەمی خۆراك و دڕەنگ گەیشتنی یارمەتییە مرۆییەکانیش بۆتە هۆی ئەوەی بەرپرسانی ئەم وڵاتە هۆشداری کارەساتێکی مرۆیی بدەن.
دوای سەردانەکەی ئیمانوئێل ماکرۆن بۆ فەرەنسا سەرکردایەتی هەڵمەتێکی کۆمەك کۆکردنەوەی بۆ قوربانیانی تەقینەوەکەی بەیروت کرد و بڕیاریش وایە بری 297 ملیۆن دۆلار هاوکاری خێرا بگاتە ئەو لوبنانیانەی کە بێ جێگا و خواردن ماونەتەوە.

پەرلەمانتاریێی عێراق هۆشداریی بە سەرۆك وەزیران دەدات

عامر فایز: هێزە ئەمەریکییەکان نایانەوێ لە عێراق دەربچن

دوێنێ سێشەممە ١١-٨-٢٠٢٠، عامر فایز، ئەندامی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، هێزە ئەمەریکییەکان نایانەوێ لە عێراق دەربچن، هەرچەندە "عێراقییەکان دڵخۆش نین بە مانەوەی هێزە بێگانەکان لە عێراق". عامر فایز هۆشداریی بە مستەفا کازمی، سەرۆك وەزرانی عێراق داوە، کە ئەگەر لە سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکا، پرسی دەرچوونی هێزە ئەمەریکییەکان نەخاتە بەرباس، ئەوا لەکاتی هاتنەوەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی پەرلەمانی دەبێتەوە.
لە مانگی ١ـی ٢٠٢٠، پەرلەمانی عێراق دەنگی بە بڕیارێك دا، کە حکوومەتیوڵاتەکەی ناچار دەکات بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە، لە عێراق بدات. بڕیارە مستەفا کازمی ڕۆژی ٢٠-٨-٢٠٢٠ بە سەرۆکایەتیی شاندێکی باڵا، سەردانی ئەمەریکا بکات.



هێرشێکی داعش لە کەرکووک کوژرانی ئەفسەرێکی پۆلیسی لێکەوتەوە

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی تیرۆریستانی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووك، ئەفسەرێکی پۆلیس فیدرال کوژراوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا شانەی ناوبراو ئاماژەی بەوە داوە کە تیرۆریستانی داعش هێرشیانکردووەتە سەر گوندی ماجد سەربە ناحیەی ڕیاز باشووری ڕۆژئاوای کەرکووك، بەڵام هێزە ئەمنییەکان بەرپەرچی هێرشەکەیان داوەتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکەی تیرۆریستانی داعش بۆسەر گوندەکە، ئەفسەرێکی پۆلیسی فیدرال کوژراوە و دوو مەدەنی و یەك چەکداری حەشدی هۆزەکان، بریندار بوون. جێی باسە حکوومەتی عێراق، لە ساڵی 2017، بڵاویکردەوە کە خاکی وڵاتەکەی لەدەست داعش ڕزگارکردووە، بەڵام شانە نوستووەکانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا بوونیان هەیە، بەردەوام هێرش ئەنجام دەدەن.

ناکۆکی نێوان ئۆکراینا و ئێران لەبارەی قەرەبووکردنەوەی ئەو فڕۆکەیەی تاران خستییە خوارەوە



ئێران ئاشکرای کرد لەبەر ئەوەی ئەو فڕۆکە سەرنیشینە ئۆکرانییەی لە مانگی کانوونی دووەمدا لە تاران بەهەڵە بە مووشەك خستییە خوارەوە، لەلایەن کۆمپانیا ئەوروپییەکانەوە دڵنیایی بۆ کراوە، قەرەبووی ناکەنەوە و لەبەرامبەردا ئۆکرانیا پێبوایە ئەو لایەنەی کە پێویستە قەرەبووەکە بدات، ئێرانە.
بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی فەرمیی ئێران، سەرۆکی دامەزراوەی ناوەندیی دڵنیایی ئێران، غوڵامرەزا سوڵەیمانی لێدوانی لەبارەی کۆبوونەوەکانی پەیوەست بە پرسی قەرەبووکردنەوەی فڕۆکەکە لەگەڵ ئۆکراینا، بڵاوکردووەتەوە. غوڵامرەزا سوڵەیمانی باسی لەوە کردووە کە فڕۆکەکەی سەربە هێڵی ئاسمانیی ئۆکراینا لەلایەن کۆمپانیا ئەوروپییەکانەوە دڵنیایی بۆ کراوە و ڕایگەیاندووە «کۆمپانیا ئێرانییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەم بابەتەوە نییە. لەم پرسەدا، قەرەبووکە دەبێت لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە بدرێت کە دڵنیاییان بۆ فڕۆکەکە کردووە.
وەڵامی ئەم گوتانەی سەرۆکی دامەزراوەی ناوەندیی دڵنیایی ئێران لەلایەن جێگری وەزیری دەرەوەی ئۆکراینا، ئێڤگێنی ئێینەوە دراوەتەوە. ئێڤگێنی ئێین لەوبارەیەوە لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك بڵاوی کردووەتەوە، ڕایگەیاندووە «قورسە بیرکردنەوە لە ئەگەری ئەوەی کە ئێران خۆی لە بەرپرسیارێتیی خستنە خوارەوەی فڕۆکەکە بدزێتەوە. سەرجەم وڵاتە پەیوەندیدارەکان لەمە تێ دەگەن.
جێی باسە فڕۆکەیەکی جۆری بۆینگ ٧٣٧ ی سەربە هێڵی ئاسمانیی ئۆکراینا، سەر لە بەیانی ڕۆژی هەشتی کانوونی دووەم، بەمەبەستی چوون بەرەو کییڤ لە تارانەوە فڕیبوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لە فڕینی لە فڕۆکەخانەی ئیمام خومەینی لە تاران، کەوتبووە خوارەوە و هیچ یەکێك لەو ١٧٦ کەسەی لە فڕۆکەکەدا بوون ڕزگاریان نەببوو.

رووسیا سەرکەوتنی یەکەمین ڤاکسینی دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی لە جیهاندا راگەیاند



سەرۆکی رووسیا، ڤلادیمیر پوتین رایگەیاند کە وەزارەتی تەندروستیی وڵاتەکەی یەکەم ڤاکسینی دژبە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی لە جیهاندا، تۆمار کرد.
سەرۆکی رووسیا، ڤلادیمیر پوتین لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی وڵاتەکەی لە شاری مۆسکۆی پایتەخت رایگەیاند کە ئەم ڤاکسینە لەلایەن ناوەندی توێژینەوەی نیشتمانیی «Gamaleya» دروست کراوە و بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی رووسیا تۆمار کراوە.
پوتین راشیگەیاند کە تاقیکردنەوەکانی ڤاکسینەکە سەرکەتوو بووە و ئەنجامی ئەرێنی هەبوو لەسەر هەموو خۆبەخشەکان و بووەتە هۆی دروستکردنی بەرگریی لەش لە دژی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ. سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی نیشتمانیی، ئەلێکساندەر گینتزبێرگ رایگەیاند کە ئەم ڤاکسینە پێکهاتووە لە adenovirus و تەنۆچکەی مردووی COV-ID-19 کە توانای گەشەکردنی لەنێو لەشی مرۆڤدا نییە، ئەمەیش بە مانای سەلامەتی دێت. ناوبراو راشیگەیاند کە ڤاکسینەکە رەنگە ببێتە هۆی کاردانەوەی بەرگریی لەش و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لە میانی ناساندنی لەش لەلایەن ئەم تەنە نەناسراوەوە.
لەگەڵ سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە شاری وهان رۆژهەڵاتی چین لە مانگی کانونی یەکەمی 2019، ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بەلانیکەم لە 188 وڵات و ناوچە بڵاوبووەوە. بەپێی ئەو داتایانەی کە لەلایەن زانکۆی جۆنز هۆپکینس بڵاوکراوەتەوە، ئەمەریکا زۆرترین ڕێژەی تووشبوونی بەم ڤایرۆسە تیادا تۆمارکراوە کە تا ئێستا، پێنج ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە، دوای ئەمەریکایش، بەڕازیل بە سێ ملیۆن و هیندستان بە دوو ملیۆن و 270 هەزار تووشبوو لە دوای یەکتر دێن. لە رووسیایش تاکو ئێستا، 891 هەزار حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە، تۆمارکراوە.

کچەکەی پوتین یەکەم کەس بوو ڤاکسینەکەی وەرگرت

20 دەوڵەتی جیهان یەک ملیار لە ڤاکسینە رووسییەکەی دژەکۆرۆنایان داواکردووە



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

دوای ئەوەی فلادیمێر پوتین مژدەی بەرهەمهێنانی ڤاکسینێکی دژە کۆرۆنای راگەیاند، دوێنێ سێشەممە کیریڵ دیمیتریف سەرۆکی سندوقی سەروەریی رووسیا رایگەیاند: تا ئێستا ٢٠ دەوڵەت داوای زیاتر لە یەک ملیار دانە لەم ڤاکسینە رووسییەیان کردووە کە بە (سبوتنیك ڤی) ناسراوە. دیمیتریف هەروەها رایگەیاند کە لەم مانگەدا هەرسێ قۆناغی تاقیکردنەوەی ڤاکسینەکە و ئاکامەکانی دەردەکەوێت و کچی سەرۆکی رووسیاش یەکەم کەس بوو دوێنێ ئەم ڤاکسینەی وەرگرت و بڕیاریشە قۆناغی بەرهەمهێنانی ڤاکسینەکە لەسەرەتای مانگی داهاتووەوە دەستپێبکات و ئەو ٢٠ دەوڵەتەی کە داوای ڤاکسینەکەیان کردووە بەپێی ئەولەویەتی داواکاری ڤاکسینەکەیان بۆ دەڕوات کە لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ژمارەیە بەرهەمدێنین، بەڵام تائێستا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەم ڤاکسینە رووسییەی پەسەند نەکردووە و هەروەك چۆن رەتیشی نەکردۆتەوە کە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە بەهۆی کشانەوەی ئەمەریکا لەم ڕێکخراوە و بەهیوای سەرلەنوێ پێشکەشکردنی هاوکاری مادی ئەمەریکا بۆ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، تا ئێستا ئەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییە نەیویستووە ڤاکسینە روسییەکە پەسەند بکات.

بەهۆی بیستنی دەنگی تەقەوە کۆنگرەی رۆژنامەی ترەمپ بۆ ماوەیەک راگیرا



دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، لە میانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا لەلایەن تیمی ئەمنیی کۆشکی سپییەوە کۆنگرەکەی راگیرا و لە هۆڵەکە برایە دەرەوە.
لە میانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی رۆژنامەوانیی رۆژانەیدا لە کۆشکی سپی، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، لەلایەن کارمەندانی ئەمنیی کۆشکی سپییەوە برایە دەرەوەی ئەو هۆڵەی کۆنگرەکەی تیادا بەڕێوەدەچوو. لە کاتێکدا ڕێگە بە پەیامنێرانی ناو هۆڵەکە نەدرا بچنە دەرەوە، دۆناڵد ترەمپ لە دوای ماوەیەك گەڕایەوە بۆ هۆڵەکە. دۆناڵد ترەمپ دوای گەڕانەوەی رایگەیاند : دەنگی تەقە بیستراوە لە دەرەوەی کۆشکی سپی و گوتی: وا دیارە ڕەوشەکە زۆر کۆنترۆڵە.
دۆناڵد ترەمپ باسی لەوە کرد کە تیمی ئەمنیی تەقەیان لە گومانلێکراوێك کردووە و ئەو کەسەش گواستراوەتەوە نەخۆشخانە.
سەرۆکی ئەمەریکا زانیاریی روونی نەدا سەبارەت بە ڕەوشی ئەو کەسە و ئاماژەی بەوە کرد کە هەواڵگریی ڕوونکردنەوەی ورد دەدات سەبارەت بە ڕووداوەکە.



پۆمپیۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی چین و ڕووسیا سەردانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دەکات

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی کۆماری چیك دەکات هاوکات سەردانی چوار وڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دەکات، چاوەڕوان دەکرێت مایك پۆمپیۆ لە کۆبوونەوەکانیدا تیشك بخاتە سەر ئەو مەترسیانەی چین و ڕووسیا بۆ سەر ناوچەکە هەیانە. ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، هاوکاتە لەگەڵ تووندوتیژییەکانی پاش هەڵبژاردنەکەی بیلاڕووسیا و ئەو مەترسیانەشی بۆ پاشەکشەکردنی دیموکراسی هاتوونەتە ئاراوە.
ڕووسیا و چین جموجۆڵێکی زۆریان لەو ناوچەیەدا هەیە و هەوڵی ڕۆڵبینین و کاریگەری لە تەواوی کیشوەری ئەورووپادا دەدەن، بە تایبەتیش لە بواڕەکانی وزە و ژێرخان و پەیوەندییەکانیشدا، ئەمەش ئەو ئاڕاستەیەیە کە ئەمەریکا بەرەنگاری دەبێتەوە.
مایك پۆمپیۆ، دوێنێ سێشەممە، سەردانەکەی لە شاری پیلسن لە کۆماری چیك، دەستپێکرد، پێشدەچێت لە وتوێژەکانیدا لەسەر بڕیاری بەڕێوبەرایەتییەکەی سەرۆك ترامپ بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ئەڵمانیا ڕووبەڕووی ژمارەیەك پرسیار ببێتەوە. سەرۆك ترامپ دەخوازێت هەزاران سەربازی ئەمەریکا لە بنکەکانی ئەڵمانیا بکشێنێتەوە و بەشێکیان لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دابنێت، لەوانە پۆڵەندا، کە دەبێتە دوا وێستگەی ئەم سەردانەی مایك پۆمپیۆ. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی وڵاتی نەمسا دەکات، بەڵام لە بەرنامەیدا نییە سەردانی ئەڵمانیا بکات.
بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، مایك پۆمپیۆ ڕۆژی چوارشەممە لە پراگ لەگەڵ میلۆش زیهان، سەرۆکی چیك و ئاندریە بابیس، سەرەك وەزیر کۆدەبێتەوە بۆ وتوێژکردن لەسەر بواڕەکانی وزەی ناوکی و هەروەها وەك لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە «هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارە قێزەونەکانی ڕووسیا و چین.» وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێت، وزە و ڕەوشی سیاسی لە ناوچەی باڵکان بە پلەی یەکەمە لە کارنامەی مایك پۆمپیۆ لەگەڵ بەرپرسانی سلۆڤانیا لە لیوبلیانا.
لە ڤیەننا، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ سیباستیان کورتس ڕاوێژکاری نەمسا کۆدەبێتەوە بۆ وتوێژکردن لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکان و هەروەها ئاسایشی ئەو ناوچەیە.
مایك پۆمپیۆ، لەگەڵ سەرۆکی دەزگای نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیشدا کۆدەبێتەوە. یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم دەزگایەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ناوکییەکەی ساڵی ٢٠١٥ ئێرانە کە ئەمەریکا لێی کشایەوە.
بەڕێوبەرایەتییەکەی سەرۆك ترامپ لە هەوڵدایە بۆ قایل کردنی ئەندامانی تری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تا گەمارۆی چەك لەسەر ئێران درێژ بکرێتەوە. ئەو گەمارۆیەی سەر ئێران لە مانگی ١٠دا واەدەکەی تەواو دەبێت بەپێی مەرجەکانی ڕێککەوتنە ناوکییەکە. لە وارشۆ، مایك پۆمپیۆ لەگەڵ ئاندرێ دودا، سەرۆکی پۆڵەندا کۆدەبێتەوە.

دوای زیاتر لە دوو مانگ.. کۆرۆنا لە نیوزلەندا سەریهەڵدایەوە

دوای زیاتر لە دوو مانگ لە ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر پەتای کۆرۆنا، پەتاکە لە نیوزلەندا سەریهەڵدایەوە. ڕۆژی یەکشەممە 2020-6-7، وەزارەتی تەندروستیی نیوزیلەندا ڕایگەیاند، بۆ یەکەمجار لە 28-2-2020ـەوە، هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە پەتای کۆرۆنا تۆمار نەکرا و کۆتا تووشبووی پەتاکەش دوای چاکبوونەوەی، ڕەوانەی ماڵەوە کرایەوە. کەچی دوێنێ سێشەممە 8-11-2020، وەزارەتی تەندروستیی نیوزلەندا تووشبوونی هاووڵاتییەکی وڵاتەکەی بە پەتای کۆرۆنا، ڕاگەیاند.
ڕۆژی دووشەممە 2020-6-8، جاسیندا ئەردێرن، سەرۆك وەزیرانی نیوزیلەندا سەرکەوتنی وڵاتەکەی بەسەر پەتای کۆرۆنا ڕاگەیاندبوو و گوتبووی: لە کاتژمێر12ـی شەوی 2020-6-9، هەموو ڕێکارەکانی تایبەت بە پەتای کۆرۆنا، هەڵدەگیرێن، چونکە پەتاکە لە نیوزلەندا «کۆتایی هات». جێی باسە تا ئێستا یەك هەزار و 570 کەس لە نیوزیلەندا تووشی پەتای کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەشدا، 22 کەس گیانیان لەدەست داوە.



پیرۆز بێت 12ی ئاب ڕۆژی جیهانی لاوان



مەیسەر نەیلی*

12ی ئابی هەموو ساڵێك ڕۆژی جیهانی لاوانە لە سەرتاسەری جیهانداو بە شێوازی جیا جیا ئەم یادە لە ڕێگەی مەراسیم و فیستیڤاڵ و کۆنفرانس و ئاهەنگ و دەرکردنی بەیاننامە و بڵاوکراوە دەکرێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە 17-12-1999 لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لە دانیشتنی ژمارە 54/120 بڕیاریاندا کە (12ی ئاب) هەموو ساڵێك بکرێتە ڕۆژی جیهانی لاوان بۆ گوزارشت لە داخوازییەکانی لاوانی جیهانی. ساڵانە لە کۆردستاندا بەو بۆنەوەیە مەراسیم و فیستیڤاڵ ساز دەکرێت لە شێوەی ڕاپۆرت و بەیاننامەو کێشە و داخوازییەکانی لاوانی کوردستان دەخرێتەڕوو، بەم بۆنەوەیە پیرۆزبایی خۆم لە تەواوی لاوانی کوردستان دەکەم.
بۆ ئێمە لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستی لاوانەین کار دەکەین بۆ توێژی لاوان بەو باکگراوندە مێژوویی و پڕ چالاکییەی هەمانە لە ڕابردوودا کە هەموو ڕۆژێکمان خزمەت کردنی لاوان بووە بە پێی سەردەم و بارودۆخی سەردەمەکەش خزمەتی لاوانی کوردستانمان کردووە.
بۆ ئەمساڵی 12ی ئاب ڕۆژی جیهانی لاوان کە جیهان ڕووبەڕووی ڤایرۆسێکی نەگریس بۆتەوە و تەنگی بە خەڵك هەڵچنەوە و بە ملیۆنەها لاوی بێکار کردووە لە جیهاندا، بۆ ئێمەش لە کوردستاندا بارودۆخەکە سەختترە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەوەستان نەبووینەو بەردەوام بووینە لە بەشێکی چالاکییەکانمان زیاتریش کارمان لەسەر هۆشیاریی و ڕێنماییە خۆپارێزییەکان کردۆتەوە بۆ هاوواڵتییان و ئەندامان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەوەش بۆ سەلامەتی گیانی هاونیشتیمانییان .
لە مێژووی بزاڤی کاری ڕێکخراوەیی لاواندا کادیر و ئەندامان دلێرانە خۆبەخشانە کاریان کردووەو بەرەیان بە کاری خۆبەخشی داوە لە ڕێژەکانی یەکێتی لاواندا، بۆیە لە ڕۆژێکی ئاوادا ناکرێت باس لە چەمکی کاری خۆبەخشی نەکەین کە ئەوانەی ڕۆژێك لە ڕۆژاندا لە بواری کاری ڕێکخراوەیی لاواندا کاریان کردووەو خۆبەخش بوونە، لێرەوە سڵاوێان بۆ دەنێرین و ئەرك و ماندووبوونیان بەرزدەنرخێنین.
لە 12ی ئابدا ڕۆژی جیهانی لاوان، داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین گرنگی زیاتر بە کێشە و ئاریشەکانی لاوان بدەن و داخوازی و داواکارییەکانییان جێبەجێ بکرێت وهەڵی کار بڕەخسێنن لە ڕێگەی کەرتی گشتی و تایبەتەوە و گەنجی زیاتر بخرێنە پێشەوەو ڕۆڵیان پێبدرێت تا سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت. داوا لە پەرلەمانی کوردستانیش دەکەین هەرچی پرۆژە و یاسا هەیە کە لە قازانج و سوودمەندی لاوانی کوردستانە دەریبکات.. دووبارە پیرۆز بێت 12ی ئاب ڕۆژی جیهانی لاوان لە تەواوی لاوانی جیهان و کوردستان بە تایبەتی.

*** سکرتێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان**

سیدەکان.. چەکدارانی پەکەکە شوانێک بریندار دەکەن

هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتنە دەڤەری سیدەکان بۆ پاراستنی سنوورەکە



بەیانی دوێنێ سێشەممە لە گەروی سنگای کۆیستانی بەربزین، هاوولاتیەک بەناوی مەناف عەبدوڵا ، بەگوللەی چەکدارانی پەکەکە بریندار بوو.
لەم بارەیەوە ئیحسان چەلەبی بەڕێوەبەری شاروچکەی سیدەکان، دەڵێ: دوێنێ بەیانی لەکاتی چوونی هێزێکی پاراستنی ئەمنی و هێزێکی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی سنوورەکە، لەوکاتە چەکدارانی پەکەکە لەگەروی سنگاو لە بناری چیای بەربزین تەقەی هەڕەمەکیان کردووەو بەهۆیەوە ئەو هاوڵاتییە کە شوانکارەیە گوللەیەکی بەرکەوتووە و بریندار بووە و بە مەبەستی چارەسەریش ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران کراوە.
بەڕێوەبەری شاروچکەی سیدەکان لەبارەی ڕەوشی ناوچەکەش گوتی: ئێستا بارودۆخەکە ئارامترە.
گوتیشی بۆ ئارامی وپاراستنی سنوورەکان و هاوڵاتیان گوند و ئاواییەکان لە شەڕو ئالۆزیەکانی نێوان پەکەکە وسوپای تورکیا بڕیار وایە هێزەکانی پاسەوانی سنوور چەند بنکەیەکی دیکە لە سنوورەکانی دەڤەری سیدەکان زیاد بکەن.

دهۆک.. پارێزگەر سەرا بازارێ دهۆکێ دا



خەبات/دهوك
بو دوڤ چونا ڕەوشا بازاری و کاسبکاران و ڕێکارێن خو پاراستنێ دوهی 11-8-2020 د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ سەرا بازارێ دهۆکێ دا و ژنێزیك سەحکرە ڕەوشا بازاری و وەلاتیان و کاسبکاران و چاوانیا بجهینانا ڕێنماییێن ساخلەمیێ ژبو خو پاراستن ژڤایروسێ کورونایێ.
ل دور سەرەدانێ پارێزگەرێ دهۆکێ دکونگرەکێ ڕوژنامەڤانیدا ئاخفت و گوت: ئەڤرو مە سەرەدانەکا مەیدانی بو ئاڤ سەنتەرێ باژێرێ دهۆکێ ئەنجامدا ژبو زانینا ڕەوشا بازاری و کاسبکاران و زانینا ئاستێ پێگریکرنا وەلاتییان ب ڕێنماییێن ساخلەمیێ و ب خوشحالیڤە مە ب چاڤ دیت کو 90% ژخەلکێ مە پێگریکریە ب ڕێنماییێن تەندورستی و بتنێ دەە ژسەدێ پێگریێ ب ڕێنمایان ناکەن ئەم هیڤیدارین ئەوژی پێگریێ ب ڕێنمایان بکەن .
ل دور داخازیا هندەك لایەنان بو ئەنجامدانا خوپیشاندان و خرڤەبونا گوت:ل دوڤ ڕێنماییێن وەزارەتا نافخویی و ژورا ئوپەراسیونا یا بەرهنگاریا ڤایروسێ کورونا ل پارێزگەهێ ئەم ب هیچ ڕەنگەکی ڕێکێ نادەین کو خوپیشاندان و خرڤەبون و بانگەشە و پروپاکندە بهێنە کرن چونکو دهڤدژن دگەل ڕێنماییێن ساخلەمیێ و هەر کەسەك یان لایەنەك وی کاری بکەت دێ توشی پێرابونێن یاسایی بیت .
هەروەسا گوت: دڤی کاودانیدا کەسێ حەسانە نینە کو ڕەوشێ تێکدەت و پێشێلکاریا ڕێنماییێن تەندورستی بکەت ودڤێت هەر تاکە کەسەك هەست ب بەرپرسیاریێ بکەت و پێگریێ ب ڕێنماییێن خو پاراستنێ بکەت.
پارێزگەرێ دهۆکێ ئاماژە دا وێ یەکێ کو ژورا ئوپەراسیونا ل پارێزگەهێ بەری چەند ڕۆژان بریار دایە کو دەوامێن فەرمی هەتا 16مەهێ بهێتە ڕاگرتن و بارەگایێن حزبی هاتینە گرتن و ئەزمون هاتینە پائێخستن ئەڤە هەموو ژبو وێ یەکێ یە کو مەترسیا بەلاڤبونا ڤایروسێ کورونا بهێتە کێمکرن و پشتی وی ژڤانی ل دوڤ ئاماران دێ سەحکەینە ڕەوشا گشتی هەکە یا باش بیت دێ ڕێنمایان سستەکەین و داخاز ژوەلاتیان کر کو هەموو پێگریێ ب ڕێنماییێن تەندورستی بکەن دا ڤایروسێ کورونا بهێتە کونترولکرن.

وەجبەی دووەمی پارەی گەنم دابەش دەکرێت

ڕاوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ ، فەتحی مەجید، گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی حکوومەتی هەرێم، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: حکوومەتی عێراق 390هەزار تەن گەنمی بۆ جوتیارانی هەرێمی کوردستان دیاری کردبوو و لەئێستادا ئەو بڕە گەنمە لە سایلۆکان وەرگیراوە و کۆتایی هاتووە و، وەجبەی یەکەمی پارەش هات و دابەشیان کرد، کە هەشت ملیار دینار بوو .
فەتحی مەجید گوتیشی: وەجبەی دووەمی پارەی گەنمی جوتیاران گەیشتووە، بڕیارە ئەویش بەسەر جوتیاران دابەش بکرێت .



بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ڕوونکردنەوەیەک بۆ شۆفێران بڵاودەکاتەوە


دوێنێ سێشەممە 11/8/2020، فازڵ حاجی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر، ڕوونکردنەوەیەکی لە پەیجی تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك) بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: هاووڵاتییەکی زۆر پەیوەندیم پێوە دەکەن و پرسیار لەبارەی سزای دواکەوتن بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە ژمارە کاتییانەی کە ماوەی دوو مانگە کەیان بەسەر چووە، دەکەن . باسی لەوەش کردووە: هەموو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە ماوەکە تاوەکوو 1ی 9 دێزڕ کراوەتەوە، تاوەکوو ئەو ڕۆژە هیچ سزایەك نییە، لە ئەگەری دێژکردنەوەی ماوەکەش، ئاگادارتان دەکەینەوە .

سلێمانی.. 20 تۆن پەتاتە بەهۆی نەشیاوی بۆ خواردن لەناودەبرێت



بەهۆی چەکەرەکردن و نەشیاوی بۆ خواردن، لیژنەی عەلوەی قائیمقامیەتی سلێمانی دەست بەسەر بڕێکی زۆر پەتاتەدا دەگرێت و بەپێی وتەی ئەندازیارێکی خۆراکیش خواردنی پەتاتەی چەکەرەکردو زیانی تەندروستی هەیە.
دوێنێ سێشەممە، لەڕاپۆرتی ڕۆژانەی خۆیاندا لیژنەی عەلوەی قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند: بەهۆی چەکەرەکردن و خراپی و نەشیاوی بۆ خواردن، لەناو عەلوەی شاری سلێمانی لیژنەکە دەستی بەسەر (20) تۆن پەتاتەدا گرتوە، کە خاوەنەکەی بەنیازبووە لە بازاڕەکانی شاری سلێمانی ساغی بکاتەوە.
ئەندازیارێکی خۆراك هۆشیاری بە هاوڵاتیان دەدات کە پەتاتەی چەکەرەکردو نەخۆن چونکە زیانی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە، لەوبارەیەوە لەشکر حەمید، ئەندازیاری خۆراك و سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند: ئەو پەتاتانەی چەکەرەیان کردوە یان سەوزبونەتەوە یان نەرم بوە یاخود لەزەویدا زۆر ماوەتەوە، شیاوی خواردن و ڕواندنەوە نین چونکە زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت.
وتیشی: بەهۆی ڕودانی کارلێکی کیمیاییەوە ئەو چەکەرەکردنە دروست دەبێت و ڕەنگی پەتاتەکە دەگۆڕێت بۆ سەوز و نەرم دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی کاربۆهیدرات بۆ شەکرەکان و کرداری هەرس تێکدەدات بە ئاسانی هەرس نابێت و دەبێتە هۆی ژەهراوی بونی لەشی مرۆڤ.
جەختیشیکردەوە کە پەتاتە نابێت لە شەش مانگ زیاتر عەمبار بکرێت چونکە پلەی گەرما و شێ زیانی پێدەگەیەنێت و ماوە و شێوازی عەمبارکردن کاریگەری هەیە لەسەر خراپ بونی پەتاتە، بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی قڕکەرەکانەوە بۆ پاراستنی لە قرتێنەرەکان (مشك و جرج) ماددەی سۆلانین و ئەلفا کانونین، دایۆکسین و سلیکات دروست دەکات، کە ماددەی ژەهرییە و زیانی بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت .
دوای دەستگرتن بەسەر بڕی (20) تۆن پەتاتەکەیشدا بەفەرمانی قائیمقامی سلێمانی تەواوی پەتاتەکە لەناودەبرێت و خاوەنەکەشی ڕوبەڕوی ڕێکاری یاسایی دەکرێتەوە.
لیژنەی عەلوە، یەکێکە لە لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی کە ڕۆژانە لەبەردەبانێکی زوەوە سەردانی عەلوەی شاری سلێمانی دەکات و پشکنین بۆ ئەو سەوزە و میوە و خواردەمەنیانە دەکات لەناو عەلوەکەوە دەخرێتە بازاڕە و بەهاوڵاتیان دەفرۆشرێت، لەکاتی هەبونی سەرپێچی و جێبەجێ نەکردنی ڕێنماییەکانی شوێنەکە و خاوەنەکەشی ڕوبەڕوی ڕێکاری یاسایی دەکەنەوە.
ڕاگەیاندنی قائیمقامیەتی سلێمانی

لەبارەی داخستنی شەقامێکی سەرەکی هاووڵاتییان ئاگادار دەکرێنەوە



بەهۆی چاککردنی بەشێکی ڕێگای کۆیە، چەند ڕۆژێکە ئەو ڕێگایە تا دەگاتە هەورازە نەفتە داخراوە، کاتی کردنەوەشی ڕادەگەیەنرێت.
ئەندازیار هێمن نووری، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبانی هەولێر دەڵێ: بەهۆی ئەوەی کە هەندێك لە ڕێگای کۆیە خراپ بوونە و لەهەولّی چاککردنەوەداین، ڕێگاکە ماوەی چەند ڕۆژێکە داخراوە، ئەمەش بەهۆی ناچاربوونمان بووە، چونکە لە ڕێگای کەسنەزان تا دەگاتە هەورازە نەفتە کاری تێدا دەکرێت .
گوتیشی: لە دوو ڕۆژی داهاتوودا کارەکان تەواو دەبن و ڕێگاکە بەڕووی هاووڵاتییان دەکرێنەوە . بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبانی هەولێر هاووڵاتییان ئاگادار دەکاتەوە: ئێستا دەتوانن بە ڕێگای هەنارە هاتۆچۆ بکەن و بچنەوە گۆمەسپان، لەوێشەوە دەتوانن بچنەوە ڕێگای پیرمام - شەقڵاوە .

وەزارەتی تەندروستی: پارێزگاکان سەرپشککراون هەموو ڕێککارێک بگرنە بەر

بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ، ئێمە پێشنیارمان کردووە بەهۆی زیادبوونی حاڵەتەکانی نەخۆشی کۆرۆنا قەدەغەی هاتوچۆ رابگەیەندرێت، بەڵام پارێزگاکان پێیان باش نەبوو و، لە هەولێر دەوامی فەرمانگاکانیش هەیە و ئێستاش پارێزگاکان دەسەڵاتیان هەیە هەر بڕیارێک بدەن، چونکە ئەگەر خەڵک خۆی نەپارێزێت ئەگەری ئەوە هەیە لەچەند ڕۆژی داهاتوو ژمارەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کورنا زیاتر بێت.
بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر خاڵس قادر، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: دۆخی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان باش نییە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا، بەتایبەت لە دهۆک و هەولێر.
قادر باسی لەوەشکرد، بۆ هاتووچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێم و عێراقیش وەکوخۆی بە داخراوی دەمێنێتەوە و پارێزگاکان دەتوانن لەکاتی پێویست ئاسانکاری بکەن.



پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی سالّح میران
بەداخێکی زۆرەوە هەوالّی کۆچی دوایی خاتوو(گوڵیزار کاکی هیرانی)هاوژینی کۆچکردوو سالّح میرانمان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەواده بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.
انا لله وانا اليه راجعون
بارەگای بارزانی

•••

بەڕێز، جەلال سەمین عەلی،
بەداخێکی زۆرەوە هەوالّی کۆچی دوای کاکە(حەمە)ی کورتان و بەرپرسی ناوچەی کەلاری یەکێتی قوتابیانی کوردستانمان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەواده بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو کاکە(حەمە) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایتان پێ ببەخشێت.
انا لله وانا اليه راجعون
بارەگای بارزانی

•••

بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند (سابیر کوردستانی)
بەڕێزان خانەوادەی هونەرمەند (سابیر کوردستانی)
بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەوالّی کۆچی دوایی هونەرمەند ناوداری گەلەکەمان (سابیر کوردستانی)مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس و کار و بنەماڵەکەتان و، هەروەها سەرەخۆشی لە هونەرمەندان و هەوادارانی دەنگی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو دەکەین و، خۆمان بەشەریکی خەمتان دەزانین.
هونەرمەند (سابیر کوردستانی) یەکێك بوو لەو هونەرمەندە ناسراوانەی خاوەن دەنگ و سەدایەکی هونەری تایبەتی خۆی بوو، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووەو خاوەنی چەندین بەرهەمی هونەریە و لە ڕێی سرود و گۆرانیەکانیەوە خزمەتی زۆری بە هونەر و فۆلکلۆری کوردی کردووە.
هیواخوازین هاوخەمیی دڵسۆزان و هونەرمەندان و دۆست و ئاشنایانی دەنگی هونەرمەندی کۆچکردوو ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە. جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و لەخوای گەورە داواکارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوای گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات..
انا لله وانا اليه راجعون
دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان



هاوواڵاتیان چیرۆک و چۆنیەتی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ خەبات دەگێڕنەوە

مامۆستایەک: هەندێک دەزگای میدیایی هۆکاربوون بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

ڕیپۆرتاژ – دیدار سابیر

پەتای کۆرۆنا و بەخێرایی و بڵاوبوونەوەی بە هەموو جیهان، بارودۆخی سیاسی و ئابووری و تەواوی سێکتەرەکانی ژیانی گۆڕی، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو ڤایرۆسە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە تەواویی پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان و خۆپارێزی بوون، بەڵام بە قسەی هەندێك لە هاوواڵاتیانی کوردستان بەشێك لە دەزگا میدیاییەکان هۆکارێکبوون بوون بۆ ساردکردنەوەی هاونیشتیمانیان و پابەندنەبوون بە خۆپارێزی لەو پەتایە. لەم ڕیپۆرتاژەدا ژمارەیەك هاوواڵاتی قسە بۆ خەبات دەکەن و چیرۆك و چۆنیەتی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگێڕنەوە:

وەستا کامەران، پیاوێکی تەمەن 40ساڵانە و پیشەی فیتەری یۆتۆمبێلە و لە بەشەناوخۆی 18ی شوبات کەرەنتینە، بۆیەش بەتەلەفۆن قسەی بۆ خەبات کرد و گوتی: گوێم لێبوو ڕۆژانە خەڵك دەیانگوت کۆرۆنا هەیە بەس گوێم پێ نەدەدا! دواجار ڕۆژێك لەپێش هاتمەوەو زۆر بێتاقەت بووم بۆ شەو تاولەرزێکی بەهێزم لێ بوو، بەیانی چوومە لای دکتۆر پشکنینیم کردو گوتیان کۆرۆناتە، سەرەتا زۆر ناخۆش و بەئازاربوو، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا باشترم .

سەفین، گەنجێکی تەمەن 37ساڵانەو یەکێك بوو لەو کەسانەی کە تووشی ئەم ڤایرۆسە بووە و گوتی: سەرەتا هەستم پێنەکرد کە تووشی کۆرۆنا بوومە، بەڵام لەشم زۆر قورس بوو و کۆکەم گرت، پێمواببو سەرمام بووبێت و پەتایەکی کاتییە، دوای ئەوە هەستمکرد هەناسەشم تەنگ دەبێت، ناچار لەگەڵ هاوڕێیەکم چووم بۆ نەخۆشخانە و پشکنینی کۆرۆنام کردو دەرکەوت تووشی پەتاکە بوومەو خۆم کەرەنتین کرد لەماڵەوە و بەهاوکاری خزم و کەس و خێزانەکەم توانیم بەسەر کۆرۆنادا زاڵبم، لەو ماوەی کە لەماڵ بووم ڕۆژانە ئەوندەی بێتاقەت بووم دەخەوتم و ئەوەندەی خەبەرم دەبۆوە خەریکی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و خوێندنەوەی کتێب بووم.

ئەو گوتیشی: ئامادەم لەپێناو خێرو کارێکی مرۆڤانە خۆین و پلازمانی خۆین ببەخشم بۆ ئەو کەسانەی کە پێوستیان بە پلازماکەیە.

ڕازاو، ئافرەتێکی تر تەمەن 35ساڵانە و دایکی دوو منداڵەو فەرمانبەرەو دووکانی بەرگدووری ئافرەتانی هەیە لە یەکێك لە بازارە میللییەکانی هەولێر، گوتی: بەهۆی ئەوەی زۆر خەڵك سەردانیان دەکردم و هەرچەندە دەمگوت تکایە بەبێ ماسك و دەمامك مەیەنە ژوورەوە، بەڵام هەندێکیان گوێیان پێنەدەدا، ڕۆژێك لەدوکانەکەم بووم و هەستم بە بێتاقەتی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەشم دەکرد ناچار چوومەوە ماڵ و ئیشم پێنەکرا، نزیکەی دوو ڕۆژ لەماڵەوە کەوتم و دواتر سەردانی نەخۆشخانەم کرد گوتیان کۆرۆناتە.

رازاو دەشڵێت: نزیکەی حەفتەیەك لە نەخۆشخانە مامەوە بەهۆی خراپی هەناسەدانم دوای ئەوە هەستم بەباشبوونی خۆم کرد و گەرامەوە ماڵەوەو لەژووریێك خۆم کەرەنتین کردووە! ئێستا ڕۆژانە خۆم بەکاری دروومان خەریککردووە هەست بە بێزاربوون و بێتاقەتی ناکەم و سوپاس بۆ خوا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوە باشی دەچم.

سیامەند، گەنجێکی تری تەمەن 27ساڵانە و پیشەی شوفێرییە و کاتێك پرسیاری کۆرۆنامان لێ کرد سەری داگرت و چاوەکانی پربوون لەگریان، دواتر گوتی: کۆرۆنا ماڵی منی کاولکرد، خۆشەوسترین کەسی ژیانی لێ ستاندم، باوکم هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەبوو، بەڵام تووشی ئەم ڤایرۆسە بوو



لەماوەی سێ ڕۆژ بەهۆی خراپیی هەناسەدانی کۆچی دوای کرد و بەیەکجاری بەجێیهێشتین.

شادیە، یەکێکی تر بوو لەو کەسانەی کە تووشی ئەم ڤایرۆسە بووەو بەهۆی خراپی بارى تەندروستی نەمانتوانی ڕوو بەڕوو قسەی لەگەڵ بکەین، ناچار بە مۆبایل قسەمان لەگەڵ کردو کاتێك پرسیاری تەندروستیەان کرد دەستی کرد بەگریان گوتی: ئەوەی تووشی کۆرۆنا بێ بەمردنێك حیسابە، ئەگەر نەشمرێ، لەوە ناخۆشتر هەیە منداڵێکی چوار ساڵانەی تاقانەم هەیە بە هەموو تەمەنی بۆ دەقەیەکیش بەجێمنەهێشتووەو هێندەی هەموو دونیا دڵم پێی خۆشە، کەچی کۆرۆنا لێ ناگەڕێ ببینم و ماچ و باوەشێکی بکەم.!

حاجی سلێمان، پیاوێکی تەمەن سەرووی 70ساڵە و لەبن دیواری ماڵەکەی دانیشتبوو دەسکێش و دەمامکی بەستابوو، کاتێك لێی نزیك بووینەوە و قسەی بۆ خەبات کرد گوتی: هەرکە گوتیان ئەو نەخۆشیە هەیە، نەسەردانی کەسم کردییە نە تێکەڵی قەرەبالغی بوومە و بەبەردەوام دەستکێش و دەمامك بەکاردێنم. گوتیشی: خۆم نەخۆشی شەکرە و پەستانی خوێنم هەیە، تووشی ئەوەشبم دڵنیام دەمرم، جا بۆ بەدەستی خۆم، خۆم بکوژم؟

مامۆستا گەلاوێژ، مامۆستای یەکێك لەقوتابخانەکانی ناوشاری هەولێرەو گوتی: سەرەتا باوەڕم بە ڤایرۆسەکە نەبوو، چونکە سەیری هەندێ کەنالمان دەکرد دەیانگوت: ڤایرۆسەکە بوونی نییەو حکوومەت بەدرۆ دەڵێت ڤایرۆس هەیە و مەسەلەکە پەیوەندی بە مووچەو سیاسەتەوە هەیە، بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان هەستیان بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەشیان دەکرد، بەناچاری سەردانی نەخۆشخانەمان کرد و دەرکەوت تووشی ڤایرۆسەکە بووین و دوای چەند ڕۆژێك مانەوە لەنەخۆشخانە لەماڵەوە خۆمان کەرەنتین کردەوەو بەرەو باشبوون دەچین.

ئەو مامۆستایە گوتیشی: بەڕاستی مردنمان بەچاوی خۆمان بینی و سوپاسی کارمەندانی تەندروستی دەکەین، زۆر پێیانەوە ماندبوون و زۆر یارمەتیاندایین، ئێستاش بەرەو باشی دەچین.

مامۆستا عەبدولقادر، مامۆستای یەکێك لەمزگەوتەکانی شاری هەولێرە گوتی: ناخۆشترین ساڵی ژیانم ئەمساڵ بوو، چونکە تاکەشوێن کە دڵم پێخۆش بوو مزگەوت بوو، بەڵام ئەمساڵ کۆرۆنا نەیهێشت بچین، ئێستاش لەپێناو پاراستنی خۆم و خانەوادەکەم ڕۆژانە لەماڵەوە نوێژەکانم دەکەم و سەردانی مزگەوت ناکەم، لەماڵەوە خەریکی نوێژکردن و قورئان خوێندنم، داوا لەهاوواڵاتیان دەکەم کە سەردانی شوێنی قەرەبالغ نەکەن و بەبێ دەستکێش و دەمامك نەچنە دەرەوە، بەڵکو خوای گەورە زوو ئەم نەخۆشی و ناخۆشییە تێپەڕێنێت و دەرگای مزگەوتەکان بکرێنەوەو ژیانی ئاسایی بێتەوە.

هەر لە ڕێگەی ئەم ڕێپۆرتاژەی خەبات چەند بەرپرس و کارمەندێکی تەندروستی و تاقیگەکانی تەندروستیان بەسەرکردەوە، ئەوان گوتیان: بارودۆخەکە ڕۆژبەڕۆژ لەخراپبووندایەو ڕێژەی تووشبووان لەزیادبوونە، داوا لەهاوواڵاتیان دەکەین بەهەموو شێوەیەك پابەندبن بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و با ئەم ماوەیە لەماڵەکانیان بمێننەوەو سەردانی شوێنی قەرەبالغ نەکەن، مەگەر بۆ کارێکی زۆر پێویست نەبێ.

ئەو تەندووستیکارانە دەشڵێن: بەهیچ شێوەیەك بەبێ دەستکێش و دەمامك لەماڵەکانتان نەیەنە دەرەوە، لەپێناو پاراستنی خۆتان و کەسە ئازیزەکانتان پابەندبن و ژیانیان بپارێزن، ئێمە بەتەنیا هیچمان پێ ناکرێت، ئەگەر ئێوە خۆتان نەپارێزن و پابەندنەبن.

زیانی زیاتر لە 140 ملیۆن دیناری لە هاوواڵاتیانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە داوە

ئاگر 7 هەزار دۆنم پووش و پاوان و گەنمی جووتیارانی سووتاندووە









بەرگری شارستانی هەڵەبجە: پێمانوایە بەشێك لە ئاگرکەوتنەوەکان بەمەبەستە و بەدواداچوونی بۆ دەکەین

خەبات - عەلی بانیشاری

وتەبێژی بەرگری شارستانی هەڵەبجە دەڵێت: بەڕێوەبەرایەتیان و بنکەکانی ئاگرکوژێنەرەوەی سنووری پارێزگای هەڵەبجە کامەندیان کەمە و پێویستیان بە ئامێر و کەلوپەلی ئاگرکوژێنەرەوەی نوێش هەیە. بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەڵەبجە داوایکردووە چوار بنکەی نوێ لە سەنتەری شار و ناحییەکانی سەر بە پارێزگاکە بکرێنەوە. گومان لەسەر بەشێك لە ئاگرکەوتنەوەکانی هەڵەبجە هەیە و بۆ ئەو بەمەبەستەش بەرگری شارستانی شارەکە بەدواداچوونی جدی دەکات و ئەو کەسانە ڕووبەڕووی یاسا دەکاتەوە کە بەمەبەست ئاگر دەخەنەوە.

زانیار عومەر، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەڵەبجە دەڵێت: ساڵانە بەشێك لە ئاگرکەوتنەوەکان لە هەمان شوێن دووبارە دەبنەوە، ئێمە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان نازانین، بەڵام پێمان وایە ئەمە بەمەبەست بێت. جەختی لەسەر ئەوە کردەوە بەڕێوەبەرایەتیان بۆ ئەو مەبەستە خەریکی بەدواداچوونی جدییە تا بزانێت هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان چین. نەقیب زانیار دەشڵێت: هەر کەسێك دەستی لە ئاگرکەوتنەوەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە هەبێت لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت.

باسی لەوەشکرد زۆرینەی ئاگرکەوتنەوەکانی هەڵەبجە لە شاخەکانن، ئەمەش وایکردووە تیمەکانی بەرگری شارستانی زۆر ماندووبن و ڕووبەڕووی چەندین گرفت ببنەوە، لەوانەش بوونی مین و تەقەمەنی کە مەترسی جدی لەسەر گیانی کارمەندانی بەرگری شارستانی دروست دەکات. ئەوەشی گوت: لە کاتی کۆنترۆڵکردنی ئاگردا چەندین جار کارمەندیان بریندار بووە.

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەڵەبجە باس لە کەم و کورتییەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان دەکات و دەڵێت: کارمەندمان کەمە، نەك تەنها لە بەڕێوەبەرایەتیمان، بەڵکوو لە بنکەکانیش. دەشڵێت: کە بەڕێوەبەرایەتی دروستکرا، لەبەر نەبوونی دامەزراندن بەناچاری لە بنکەکانەوە هەندێك کارمەند گواستراندوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی لە بنکەکان. ئاماژە بۆ ئەوشدەکات کەمی کارمەند وایکردووە هەندێك جار کارمەندی کارگێڕی بەناچاری ببەین بۆ ئاگرکوژاندنەوە. نەیشارەدەوە کەمی کارمەند بووەتە هۆی ئەوەی بەشێك لە ئاگرکەوتنەوەکان لەو کاتەدا کۆنترۆڵ نەکرێن کە ئەوان پێشبینی دەکەن.

زانیار عومەر گوتیشی: بێ لە کەمی کارمەند، گرفتی کەمی بنکەی ئاگرکوژێنەرەوەمان و پێویستمان بە چوار بنکەی دیکە هەیە. بۆ نمونە شارۆچکەیەکی وەکو بیارە و تەوێلە تائێستا بنکەی ئاگرکوژێنەرەوەی نییە. لەبارەی کەمی ئوتۆمبێلی ئاگرکوژێنەرەوە، وتەبێژی بەرگری شارستانی هەڵەبجە گوتی: ئامێر و پێداویستی ئاگرکوژاندنەوەمان هەیە، بەڵام لە ئاست تموحی ئێمەدا نییە، بۆیە داوامان لەسەرەوەی خۆمان کردووە ئامێر و کەلوپەلی ئاگوژێنەرەوەی نوێمان بۆ دابین بکەن، تا بتوانین زووتر ئاگرەکان کۆنترۆڵ بکەین.

سەبارەت بە زەرەر و زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە، زانیار عومەر دەڵێت: تەنها لە حەوت مانگی ئەمساڵدا ئاگر زیانی زیاتر لە 140 ملیۆن دیناری لە هاوڵاتیانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە داوە. ئاشکراشیکرد بەهۆی ئاگرکەوتنەوەکانی ئەمساڵەوە حەوت هەزار دۆنم لە گەنمی جووتیاران و پووش و پاوان و دارستان لە شاخ و پێدەشتەکانی هەڵەبجە سووتاوە. لەبارەی قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتیانی زەرەمەند، وتەبێژی بەرگری شارستانی هەڵەبجە گوتی: قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیان ئەستەمە.

ڕووبەری هەڵەبجە 1599 کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، 75 کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە. ساڵانە زیاتر لە 70 هەزار دۆنم زەوی لە هەڵەبجە بە گەنم دەچێنرێت و 35 هەزار تەن گەنم لەو سنووەرە بەرهەم دەهێنرێت. پارێزگاکە خاوەن سنووری فراوانی دارستانی سروشتی و پووش و پاوان و باخە و چەندین زنجیرە چیای سەخت لە دەوروبەری هەیە.



پارتی ئەو حزبەی هەمیشە پێشەنگ و پێشڕەوە

کاروان محەمەد سینو
(بەشی سێیەم)

پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم بەپێی (ڕێکەوتنامەی ڤەرسای لە 28ی حوزەیرانی 1919) و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاش ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی لۆزان لە24ی تەموزی 1923)، ئینجا هاوکات لەگەڵ بونیاتنانی کۆماری تورکیا لە 29ی ئۆکتۆبەر 1923، گەل و میللەتانی کەنەوکات کەچوارچێوەی سنوور و ژێر رکێفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون(وەکو زۆربەی وڵاتانی عەرەب) داوای ماف و ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان کرد. هەڵبەت کوردیش وەکو میللەتێکی خاوەن خاك و گەل و زمان و کەلتوری تایبەت بەخۆی، داوای ئازادی و سەربەخۆیی کرد. لەم سەروبەندەدا و لەمیانەی پەیمانی (سیڤەر) کەلە 10ی ئابی 1920 لە نێوان وڵاتانی براوەی جەنگی جیهانی یەکەم و وڵاتانی دۆڕاوی جەنگەکە (ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و ئیمپراتۆریەتی نەمسا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) ئیمزاکرا، بەپێی بەندی 62 و 64ی پەیمانی (سیڤەر) مافی سەربەخۆیی درایە میللەتی کورد کە ریفڕاندۆم ئەنجام بدەن و داوای سەربەخۆی خۆیان بکەن. بەڵام مشتومڕی لایەنەکانی پەیمانی(سیڤەر) و سازانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێگەی سیاسی و ئابووری و سەربازی خۆیان، مافی میللەتی کورد کرایە کارتی گوشار و سازان لە نێو خۆیان و دواجار لە ئیمزاکرادنی پەیمانی (لۆزان 24ی تەموزی 1923) وڵاتانی زلهێزی جیهان و لایەنەکان پاشگەز بوونەوە لەو مافەی کورد کە لەپەیمانی (سیڤەر)دا دەستەبەر ببوو. لایەنەکان هەر بەمەش نەوەستان بەڵکو داواتر لەڕێکەوتنامەیەکی نهێنیدا (سایکس پیکۆ) تەواوی خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی (عێراق و ئیران و تورکیا و سوریا) دابەشکرد. بەڵام ئازادی خواز و سەربەخۆ خوازانی کورد هەرگیز ملکەچی ئەم واقیعەی جیهان نەبوون و هەرلە سەرەتاوە خەبات و شۆڕش دژ بەم واقیعە سەپێنراوە دەستی پێکرد. هەڵبەت بروسکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە بەهاری 1907 بۆ (باب ئەل عالی) دەوڵەتی عوسمانی لە (ئوستانە) و شەڕی شێخ ئەبدولسەلام بارزانی دژی (نەفیرعامی) دەوڵەتی عوسمانی بەسەرۆکایەتی (محەمەد فازل پاشا داغستانی کۆتای سالی 1907) و شۆڕشەکانی شێخ سعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشی یەکەمی بارزان لە 9ی کانونی یەکەم 1931و شۆڕشی دووەمی بارزان لە2ی ئۆکتۆبەری1943 و بۆردۆمانکرد بارزان لەلایەن فڕۆکەکانی ئیستیعماری بریتانی و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و دامەزراندنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هەڵکردنی شۆڕش ئەیلوول و گوڵان بەسەرۆکایەتی مستەفا بازرانی، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە شۆڕش و بەرخودان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی میللەتی کورد.

پوختەیەک دەربارەی کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان



کۆنگرەی هەشتەم، 1970، ناوپەردان: عەلی عەبدوڵڵا، ناتالیا ئۆستۆڤەتزکی (خێزانی د. کامەران بەدرخان)، د. کامەران بەدرخان، بارزانیی نەمر، نوری شاوەیس، ؟



سەرۆك بارزانی، نێچیرڤان بارزانی



1963: حەبیب محەمەد کەریم، عەلی عەبدوڵڵا، بارزانیی نەمر، نافیز جەلال، سالح یوسفی



؟، محەمەد ڕەزا، جەوهەر نامیق، ؟، سامی عەبدولڕەحمان، فەلەکەدین کاکەیی



1983 ڕاژان. محەمەد مەلا قادر، ؟، فەلەکەدین کاکەیی، کاك ئیدریس بارزانی، هوشیار زێباری، حەمید ئەفەندی، سەرۆك بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا، نیهاد بارزانی، لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە

کۆنگرەی شەشەم :

قەڵادزێ (1/7/1964)

کۆنگرەی شەشەمی (پارتی) سالی (1964) لە (قەڵادزێ) دوای ئەم پێشهاتانە بەسترا:
1.پاشگەزبوونەوەی حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم) لە جێبەجێکردنی (مادەی/3) ی دەستووری عێراق کە دان بە بەشداریی یەکسانی کورد و عەرەبدا دەنێت لە نیشتیمانی عێراق.
2.گرژکردنی بارودۆخی کوردستانی باشوور و دواتر بەرپاکردنی هێرشی سەربازی کە لە ئەنجامدا بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی (ئەیلولی/1961) بە سەرکردایەتی (پارتی) و ڕابەرایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) کە گەورەترین شۆڕشی سەرتاسەری بوو لە باشووری کوردستاندا.
کۆنگرەی شەشەم بەکۆی دەنگ (مەلا مستەفا بارزانی) بۆ سەرۆکایەتی پارتی هەڵبژاردەوە و کۆمیتەی ناوەندیی بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:

1. حەبیب محەمەد کەریم
2. دکتۆر مەحمود عوسمان
3. سالح یوسفی
4. عەزیز ئاکرەیی
5. دکتۆر فواد جەلال
6. یەدوڵڵا کەریم
7. عەلی سنجاری
8 . نەعمان عیسا
9. ئیسماعیل عارف
10. هاشم ئاکرەیی
11. ئیسماعیل مەلا عەزیز
12. شێخ محەمەد هەورسین
13. مستەفا قەرەداغی
14. محەمەد ئەمین محەمەد عەلی
15. عومەر شەریف
16. ڕەمەزان ئاکرەیی
ئەندامانی مەکتەبی (سیاسی)ش بەم شێوەیە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردران:
1. حەبیب محەمەد کەریم (سکرتێری حزب)
2. دکتۆر محمود عوسمان
3. مستەفا قەرەداغی
4. ئیسماعیل عارف
5. هاشم عەقراوی

کۆنگرەی حەوتەم :

گەڵاڵە (15/11/1966)

ئەم کۆنگرەیە لەدوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی (29)ی (حوزەیران) و دواتر پاشگەز بوونەوەی ڕژێم، سەر لە نوێ بەرپاکردنەوەی هێرشی سەربازی بۆ سەر گەلی کورد بەسترا.

ئەم کۆنگرەیە بۆ پێداچوونەوەی بارودۆخی حزب لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە پێویست بوو ببەسترێت. کۆنگرە،بەکۆی دەنگ مەلا مستەفا بارزانی، بە سەرۆکی (پارتی) هەڵبژاردەوە.
کۆمیتەی ناوەندیش بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:
1. حەبیب محەمەد کەریم
2. دکتۆر مەحمود عوسمان
3. سالح یوسفی
4. عەلی عەبدوڵڵا
5. نوری شاوێس
6. محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان (سامی عەبدولڕەحمان)
7. عەزیز ئاکرەیی
8. شەوکەت ئاکرەیی
9. هاشم ئاکرەیی
10. حەمەد ئەمین بەگ
11. عەلی سنجاری
12. نەعمان عیسا
13. شەفیق ئەمین
14. فاتح محەمەد ئەمین
15. شێخ محەمەد هەرسینی
16. مەجید ئەتروشی
17. ئەحمەد ئەتروشی
(عومەر شەریف)ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەم کۆنگرەیەدا بەشدار نەبوو، چونکە لەگەڵ هەردوو هەڤاڵی (سیامەند بارزانی) و (مەلکۆ بارزانی) بەدەستی ناحەز و دوژمنانی (پارتی) شەهید کرابوون.
ئەندامانی مەکتەبی (سیاسی)ش بەم شێوەیە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردران:

1. حەبیب محەمەد کەریم
2. دکتۆر محمود عوسمان
3. سالح یوسفی
4. عەلی عەبدوڵڵا
5. نوری شاوێس
6. سامی عەبدولڕەحمان
7. عەزیز عەقراوی

کۆنگرەی هەشتەم :

ناوپەردان (1/7/1970)

ئەم کۆنگرەیە نزیکەی (4) مانگ دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی (11)ی ئاداری (1970) بەسترا. (488) نوێنەر تیایدا بەشداربوون کە نوێنەرایەتی دەیان هەزار ئەندامی (پارتی)یان دەکرد لە گشت لق و ناوچەکان و چین و کەرتەکان. ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حزبە عێراقیەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و پەیامنێرانی ئاژانسەکانی دەنگوباسی عێراقی و بیانی لەگەڵ نوێنەرانی حزبە کوردستانییەکان لەم کۆنگرەیەدا ئامادەبوون. کۆنگرە، لە کەشێکی کەم وێنەی دیموکراسیدا بەسترا، بەکژیدەنگ مەلا مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژاردەوە.

کۆمیتەی ناوەندی بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:
1. حەبیب محەمەد کەریم
2. ئیدریس مستەفا بارزانی
3. مەسعود مستەفا بارزانی
4. سالح یوسفی
5. مەحمود عوسمان
6. محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان (سامی عەبدولڕەحمان)
7. عەلی عەبدوڵڵا
8. نوری شاوێس
9. هاشم ئاکرەیی
10. ئیسماعیل مەلاعەزیز
11. عەزیز ئاکرەیی
12. فاخیر میرگەسۆری
13. فارس باوە
14. ڕەشید سندی
15. شەکیب ئاکرەیی
16. عەبدولوەهاب ئەتروشی
17. عەلی سنجاری
18. دارا تۆفیق
19. عەبدول سۆران
20. سدیق ئەمین
21. زەکیە ئیسماعیل حەقی
کۆنگرەی هەشتەم چەندین بڕیاری گرنگی سەبارەت بە دۆخی نێوخۆ و نێودەوڵەتی دەرکرد، داواشی لەوە دەوڵەتانە کرد کە کوردی تێدا دەژیێت، سیاسەتی زەبر و زەنگ ڕابگرن و بەپیر داخوازیە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی نەتەوەی کوردەوە بێن.
ئەندامانی مەکتەب (سیاسی)ش بەم شێوەیە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردران:
1. حەبیب محەمەد کەریم
2 . دکتۆر محمود عوسمان
3. سامی عەبدولڕەحمان
4. عەزیز عەقراوی
5. سالح یوسفی
6. عەلی عەبدوڵڵا
7. نوری شاوێس

کۆنگرەی نۆیەم :

زێوە دەڤەری مەرگەوەڕ کوردستانی ئێران 4/11/1979

کۆنگرەی نۆیەم لەدوای ڕێککەوتنامە شوومەکەی (ئاداری/1975)ی (جەزائیر) و دواتر



16ی ئاب و هەلکشان بەرەو لوتکە



سلام حسن ناصر*

دیارە ژیان پێویستی بە نوێ بونەوە وگۆرانکاری و ژیانی سەردە میانەیە ، هەموو کومەلگایەکیش لەم جیهانە بۆ بەرەو پێش بردنی تاکەکانی هەنگاو دەنێ ، کەچون بتوانی ئەوەی باشەباشتری بکات ، و ژیان جوانتر و خوشتر بکات بۆ هاونیشتیمانیانی بژێو مەبەستەش دەیان رێکار و پرانسیپ دێنەپێش لەکومەلگا کەهەندێ مروف شانی دەدەنەبەر ودێنەمەیدان ، چەندین پارت و کومەل و دەستەدروست دەبن راستەوخو یان ناراستەوخۆ نەتەوەی کوردیش وەکو ئەو کومەلگایانە و نەتەوانەلەرێگای چەندین پارت و کومەلەو دەستە هاتەمەیدان، بەڵام کەبەکەم پارتی سیاسی کوردی لەسەر دەستی باوکی روحی (مستەفا بارزانی) دامەزرا کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانبوو کەئەو کات لە روژهەلاتی کوردستان بەشدار بوو لە ڕاگەیاندنی کوماری کوردستان و دکو هێزی بەرگریکار لە کۆماری کوردستان مستەفا بارزانی و هەزاران قارەمانی باشووری کوردستان و عەشیرەتی بارزان بەرگرییان لە کۆماری کوردستان کرد، لەو سات و کاتەدا کورد پیویستی بەپارتیکی سیاسی کوردستانی بو، بارزانی نەمر بریاری دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دا و لەریکەوتی 16/8/1946 وەك زرورەتیکی نەتەوەیی و میژوویی دامەزرا کەوەچەرخانیکی میژوویی بو لەخەباتی رزگاری خوازی کورد دژی دەسەڵاتە سەرکوتکارەکانی کورد. ئەوکات کەتازەجەنگی جیهانی دووەم کوتایی هاتبو وکوماری کوردستان لە مهاباد بەدەسەڵاتی شای ئیران و رێکەوتن لەگەڵ زلهێزانی ئەو سەردەمە کۆماری کوردستان داگیر کرا. بارزانی یش لەگەل 502 هەڤالی بارزانی رویان لەیەکیتی سوڤیەتی بیشو کرد کەبەە(رێ رەوەمیژوویی کەی ئاراس) ناو دەبریت، لەروباری ئاراس پەرینەوەو لەروسیای ئیستا پەنابەر بون و دابەش کران بەسەر چەندین شوین ، و لەوی بارزانی نەمر یەکەم کونگرەیی نەتەوەیی ئەنجام دا لەسالی 1947 لە(باکو) پاش ژیانیکی کولەمەرگی بو ماوەی (12) سال و سەرهەلدانی شورشی عیراق بەسەرکردایەتی (عبدالکریم قاسم) وەکو سەروکی کۆماری عیراق بو یەکەم جار لەمیژووی عراق دا ، کەهاوکات بو لەگەل گەرانەوەی بارزانی نەمر و هاوشانانی لە6/10/1958 بو بغدا و پیشوازی کردن یان زور بەشایستەیی لەپاریزگاکانی خواروی عیراق و بەتایبەتی (بصرە) کەجیگای ریزو حورمەت بو و پیشوازیەگەرمەیان لێکرا ، بەڵام هەر زوو سەروك کوماری عراق بەووتەی شوعیەکان لەبریارەکانی لەگەل بارزانی پەشیمان کرایەوەو کورد ناچار بوو بو بەرگری لەخوی و مانّەوەی، پاش هیرشی بەرفراوانی سوپای عیراق بەهەموو پایەکانی یەوەبو سەرکوردستان شورشی ئەیلولی مەزنی راگەیاند هەر چەند میژووی شورش لە6/9/1961بو بەڵام بەفەرمی لەریکەوتی 11/9/1961 راگەیەندرا کەماوەی (14) سالی خایاند و بەگەورەترین و دریژترین شورشی روژهەلاتی ناوەراست ناوزادەکرا، کەلەکوتایی دا رژیمی (بەعس) بەسەروکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسینی خوین مژ لەئەنجامی قارەمانانەی پیشمەرگەو جەماوەری کوردستان بەهەموو چین و تویژ و نەتەوەیەك چوك دانرا بۆ داخوازیەکانی سەرکردایەتی کوردستان ، بەڵام جاریکی تَر لە6/3/1975 رزیمی (بەعس) بەکومەلیك تنازلەوەبو شای ئیران لەریکەوتن نامەشومەکەی جزائر پیلانیان دژی شۆرش و خەڵکی کوردستان گێڕا، کەتا ئیستاشی لەگەل دابیت عیراق بەهوی ئەو ریکەوتنەنا مروڤیەو بی رەوشتیەی خیری لەخوی نەدیوە، هەرچەندەسەرکردایەتی کورد زوربەی داخوازیەکانی خەلکی هینایەدی ئەگەر هەموشی نەبو بیت ، بویەجاریکی تَر شورشی کورد و سەرکردایەتی کەوتنەوەخو شورشی گولانیان هەلگیرساندەوەلە26/5/1975 و بەشیوازیکی تری شورشگیری هاتنەوەمەیدان و دریژەیان بەخەبات و مقاومەت دا لەئاوارەیدا پارتی چەندین کونگرەی ئەنجامدا تاوەکو رایەرین پارتیان 10 کونگرەی ئەنجام دا و سەرکەوتوانە توانی مافی رەواو دۆزی گەلەکەی بەجیهان بناسینی و پاریزگاری ناسنامەی نەتەوەیی کورد بکات ، لەدوای رایەرین پارتیان 3 کونگرەی تری ئەنجامداوەلەسالانی (1993-1999-2013) هەل و مەرجی ئیستای جیهانی و نیودەولەتی و هەریمی و عیراقی کوردستانی گورانی گەورەی بەخوەبینیوە کەپەتای (کورونا) و ئابوری جیهانی و هەل و مەرجەکان بالیان بەسەر جیهان هیناوەو پارتی شیان لەو نیوەندەدەبیت خوی بگونجینی لەگەل سەردەم و بەشیوەیەکی نوی خوی (ئەبدیت) بکاتەوەبەخوینی نوی و عقلیەتی سەردەمیانەکەچەرخی جیهانگیری و کومەلگاو مافی مروف پی ناوەتەقوناغیکی تَر ، سازدانی کونگرەی 14 سەرکەوتنیکی گەورەتری پارتیان دەبێت لەکۆی ئەو سەرکەوتنانەی شانازی پی وەدەکەین بو مانّەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لەکوردستانی فیدرالی.

بەرزو پر شکو بیت 16/ ی ئاب سالّیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەدایك بونی رابەری سەدە و شاخی چەقیو (مسعود بارزانی)،پیروزە74 مین سالەی پارتی پیشەنگ بەگەل و نەتەوە لەئەنجامی کۆکردنەوەی سەرجەم ئایین و ئاینزاکان و چین و تویژی کوردستان و عیراق.

•بەرپرسی لێژنەی ناوچەی هیران

16ی ئاب و وەرچەرخانێکی مەزن



سوورە مەرگەیی

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەتای وەرچەرخانێکی مەزن و وێستگەیەکی گرنگ و مێژوویی بوو لە ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕی و پێشمەرگانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان، گرنگی و کاریگەریەکانی بە جۆرێك بوون کە هەڵەکانی مێژووی هەڵگرتنەوە و ئاراستەی رووداوەکانی پێچەوانە کردنەوە، هیوای بۆ کورد گێڕایەوە و چارەسەری پرسی کوردی وەك پرسێکی نەتەوەیی کردە دوا ئامانجی خۆی، بە گەرانەوەش بۆ مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەو راستییە دەردەکەوێ کە داگیرکارانی کوردستان و نەیارانی پارتی بەردەوام لە هەوڵی شاردنەوەی ئەو وەرچەخانە مێژووییەدا بوون، دۆست و دوژمنیش ئەو راستییە باش دەزانن کە بەر لە دامەزراندنی ئەو پارتە، شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زیاتر ناوچەیی بوون و کەمتر لە لایەن حزبێکی سیاسی و خاوەن دیسپلینەوە رابەرایەتی کراون، ئەوەش وایکردووە شۆڕش و راپەڕینەکان هەم هەڵگری ئامانجە نەتەوەییەکان نەبن، هەمیش زوو بشکێنرێن و توانای بەرگری بەردەوامیان نەبێ، بۆ خستنە رووی ئەو راستییەش دەکرێ گرنگی دامەزراندن و ئەو گۆڕانکاریانەی وەك بەرئەنجامی دامەزراندنی پارتی لەم چەن خاڵەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

-1 یەکخستنی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لە کارنامەیەکی سیاسی تۆکمەدا، دەکرێ ئەو یەکخستنە بەو گۆڕانکاریە گرنگ و مێژوویە ناوبەرین کە چاوی نەتەوەیی کردینەوە و هێزی رابوونێکی بەردەوامی پێ بەخشین، چونکە یەکخستنی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، جیا لەوەی هێزی پەرش و بڵاوی ناوچەیی و عەشایری لە بونیادێکی نەتەوەییدا رێکخستن، دەرگای بەدەستهێنانی چەندین دەستکەوتی نەتەوەیشی بە رووداکردینەوە.

-2 بە نەتەوەیی کردنی شۆڕش و راپەڕنەکانی کورد و رابەرایەتی کردنیان لە لایەن حزبەوە خاڵێکی تر لە سەروەریەکانی دامەزراندنی پارتی، چونکە وەك ئاماژەم بۆ کرد: شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد بەر لە دامەزراندنی پارتی ناوچەیی بوون و ئامانجەکانیشیان ئەگەر بە ئامانجی نەتەوەییش میکیاج کرابن، بەڵام هێزێکی نەتەوەیی بەدیهێنەریان لە پشت نەبووە.

-3 کرانەوەی زیاتری هزر و بیری نەتەوەیی و گێڕنەوەی بەها و پیرۆزیە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بۆ تاکی کورد، کە تا ئەو کات متمانە بەو بەها و پیرۆزیە نەتەوەیی و نیشتیمانیانە لەناو پیرۆزیەکانی خێڵ و پابەند بوون بە پاراستنی هێز و دەسەڵاتی عەشایری لاواز کرابوون.

-4 بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکیە سیاسی و دیبلۆماسیەکان و خەباتی پێشمەرگانە لە کارنامەیەکی نەتەوەییدا رووە و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان رێکخران، بەوەش توانرا خاڵە لاوازەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەڵبگیرێنەوە و بە خاڵی بەهێز پڕ بکرێنەوە، لە رووی سیاسیشەوە کورد لە ژێر یەك چەتردا کۆکرایەوە و بە یەك ئاراستە و بۆ یەك ئامانج هەنگاوی پێنرا.


-5 لە رووی دیبلۆماسی بە پلان و بەرنامەیەکی رێکخراو کار لەسەر ناساندن و بە نێودەولەتی کردنی پرسی کورد دەکرا، ئەو کارکردنە بۆ ناساندن و بە نێودەولەتی کردنی پرسی کورد تا ئێستاش پارتی پێشەوی پابەندە و بە لایەنێکی گرنگی خەباتی رزگاری نیشتیمانی دەزانێ.

-6 لە رووی خەباتی پێشمەرگانەش، هێزی پێشمەرگە بە جۆرێك بە نیشتیمانی کرا، کە دوای تێپەڕبوونی (٧٤) ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەو حزبە و کۆکردنەوەی ئەو هەموو ئەزموونە شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنە، لە ئێستادا خۆزگە بە نیشتیمانی بوونی ئەوکاتی هێزی پێشمەرگە دەخوازین، ئەو هەموو گۆڕانکاریانە و چەندین گۆڕانکاری تریش، زادەی کرانەوەی هزر و بیری نەتەوەیی و ئەزموونی شۆڕشگێڕی بارزانی نەمر بوون.

لێرەدا پێویستە راستییەکان وەك خۆی بخەینە پێش چاو و راستگۆیانە بڵێین: ئەگەر مێژوو وەك خۆی بنووسرێتەوە، ئەوا هەموو گۆڕانکاریەکان و دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، ئەوانەی هاتوونەتەدی و بەوانەش کە لەمەودوا دێنەدی بە دەوڵەتی کوردستانیشەوە، لە هزر و بیری بارزانی نەمرەوە سەرچاوەیان گرتووە، چونکە بەر لە دامەزراندنی پارتیش خەبات و تێکۆشانی بارزانی نەمر نەتەوەیی بووە و لە پێناو بەدیهێنانی دەستکەوتی نەتەوەییش هەموو سنوورە دەستکردکانی بڕیون و لە هەر بەشێکی کوردستان دەرفەتێك بۆ کورد رەخسابێ، بارزانی نەمر دەوری پێشەنگی تێدا بینیوە.

ئەو کورتە روونکردنەوەی سەرەوە ئەو راستییەمان پێدەڵێ کە کورد لە ئێستادا بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە هەستیارە لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە هزر و بیری نەتەوەیی و ئەزموونی شۆڕشگێڕی بارزانی نەمر هەیە، بۆیە پێویستە مللانێ سیاسی و حزبییەکان بەلاوە بنێین و دەنگ و رەنگە جیاوازەکان و هەوڵە دیبلۆماسیەکان و چەکی شانی پێشمەرگە لەناو رێزی نەتەوەخوازی بارزانی نەمردا بە نەتەوەیی بکەین، چونکە بە هەموو پێوەرە سیاسی و میژوویەکان عێراق لەبەردەم گۆڕانکاریەش دوا دەرفەتە و حزبی کوردی ئەگەر خۆیان بەڵا بەسەر کورد نەهێنن و بتوانن لە گۆڕانکاریەکەدا هێز لە رێزی بارزانی نەمر وەربگرن، ئەوا گومان لەوەدا نییە دەتوانێ دوا خەونی نەتەوەیی و خۆزگەی شەهیدانی بەدیبێنێ.

پێگە و گرینگی لاو



گەیلان سلێمان*

ویڕای پیرۆزبایی لە تەواوی لاوانی جیهان پیرۆزبایەکی تایبەت ئاراستەی لاوانی هەرێمی کوردستان دەکەم بەبۆنی ڕۆژی جیهانی لاوان، بەپێویستی دەزانم دووپاتی ئەوەبکەمەوە کە لاو ئەو توێژەیە کاریگەرەیە کە زۆرترین تواناو بیروکەی لە هەگبە دا هەیە بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە و پاریزگاری کردن لەدەستکەوتەکان بۆیە خۆراگری و پێشکەوتن و سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەك پەیوەستە بە لەخۆبردوویی لاوانی ئەم کومەڵگایە هەر لەبەر ئەوەیە کە بە کۆڵەگەی هەر میللەت و کۆمەڵگەیەك ناو دەبرێن.

مێژوو شاهێدی لاوانی کورد کە لەقۆناغە چارەنوس سازەکاندا بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی ئەرکەکانیان بەجێ گەیاندووە لە چوارچێوەی هەستە نیشتیمانیەکەیان ئەگەر ئێمە بەکورتی و بەخێرایی گوزەر بە مێژوویی ڕزگاری خوازی گەلی کورد دا بکەین ئەوکات ڕۆڵ و پێگەی لاوی کوردمان بۆ وەدەر دەکەوێت کە چۆن لە ڕێکخستنە بوێرانەکانی ناو شار و لە گیان فیداییەکانی ناو شاخ و تەواوی قۆناغە جیا جیاکاندا کارەکتەری سەرەکی بوون هەربۆیە جەنابی «بارزانی نەمر» و سەرکردایەتی ئەوکاتی شۆڕش گرینگیەکی یەکجار زۆریان بە تواناو لەخۆبردوویی لاوان دەدا کە هەمیشە دەنگی دلێری سەربەخۆیی لەوانەوە چەکەرەی دەکرد، بەشێکی کارا و سەرکی بوون لەگەیاندنی کوردستان بەم کەنارە ئارام و ئاوەدانە لە ئێستاشدا بەشێکی زۆر لە کەسایەتیە بڕیار بەدەستەکانی ناو هەرسێك دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و داودەری لە تویژی لاون.

لێرەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گەنجان داینەمۆی پێشکەوتن و سەرکەوتن پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرولّاتێکن بۆیە دەبێت بەگرینگیەیەکی زۆرەوە لە پێگەی لاو بڕوانین و پەروەردە بکرێن بەبیری نەتەوەیی لەسەر بنەمای دیموکراتی، لەئێستای کوردستانیشدا ئەم توێژە هەستیارە دەبێت بەرۆڵی خۆیان هەڵبستن ئەرکی هەموو خێزان و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان و ناوەندەکانی خوێندن و ڕێکخراو و لایەنە پەیوەندی دارەکانە کە گەنجانێکی سوود مەند بۆ ئەم وڵاتە پێگەیەنن و سود لەم سەرمایە مرۆییە وەربگرن هەرچەندە توانای ئابووری حکومەتی هەرێم لە ئاستێکی دیاری کراو دایە بەڵام لاوانی ڕۆشنفیکر و خاوەن ئیراده لە گرینگیدان بەتواناکانی خۆیان نەوەستاون چونکە لای ئەوان ڕوونە کە ئەم دۆخەی وڵات کاتیە و دەبێت ئەوان بەشێك بن لە باشتر کردن و چارەسەرکردن ئەمەش ئەنجامی هەستکردنە بە بەرپرسیارەتی و دەرخەری ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئاسۆی کوردستان ڕوونە بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر.

هەوەك چۆن لاوانی سەردەمی پێشوو پشتیوانی شۆڕش بوون تاوەکوو کوردستانیان گەیاند بەم ڕۆژە دەبێ لاوانی ئەمڕۆی نیشتیمانیش پشتیوانی حکومەت بن و هاوکار و هەماهەنگی زیاتربن بۆ جێبەجێکردنی کارنامە و بەڵێنەکانی حکومەت بۆ بەرەوپێش بردنی زیاتری کوردستان بۆئەوەی هەموو کوردستانیان سوود لە توانا لەبن نەهاتووەکەی گەنجان ببینن و هەموو لاوانی نیشتیمان پەروەر لەژێر چەتری دیموکراتی کار بکەین بۆ بەرەو پێش بردنی وڵاتەکەمان. کۆمەڵگەکەمان پێویستی زیاتری بەم گەنج و لاوانە هەیە کە لەدۆخە هەستیارەکاندا وەکو خۆی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و خۆیان جیا نەکەنەوە لە واقیعێك کە هەمووان لەناویدان .

• کارگێڕی ناوەندی ڕۆشنبیری هەولێر.

هەڵگیرسانی شۆڕشی پێشکەوتنخوازی (گوڵان) و کۆچی دوایی سەرکردەی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان (بارزانیی نەمر) بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا ڕەوتی نوێی حزب لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی نوێ بڕیای لێدرا و ژمارەی بڕیارەکانی کۆنگرەکە گەیشتە (21) بڕیاری سیاسی. لە سەرووینەوە بڕیاری درێژەدان بەخەباتی چەکداری بە شێوازی شەڕی پارتیزانی دژی ڕژێمی فاشی عێراق. کۆنگرە بە کۆی دەنگ بەڕێز (مەسعود بارزانی) یان بە سەرۆکی (پارتی) هەڵبژارد.

بەم شێوەیە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا:

1. عەلی عەبدوڵڵا
2. ئیدریس مستەفا بارزانی
3. فازڵ میرانی
4. فەلەکەددین کاکەیی
5. فەلەکەددین کاکەیی
6. ڕەشید عارف
7. محەمەد مەلا قادر
8. خورشید شێرە
9. دکتۆر جەرجیس حەسەن
10. ڕۆژ نوری شاوێس
11. ڕەئیس عەبدوڵڵا سدیق
12. ملازم عەلی
13. ملازم یونس ڕۆژبەیانی
14. هەجر سندی
15. حەمید بەرواری
16. دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە
17. ئازاد بەرواری
18. نەجمەددین یوسفی
19. هوشیار زێباری
20. محەمەد سەعید دۆسکی
21. دکتۆر سەعید ئەحمەد بارزانی

لەم کۆنگرەیەدا بەڕێز عەلی عەبدوڵڵا بە (سکرتێری حزب) هەڵبژێردرا.

ئەندامانی مەکتەب (سیاسی)ش بەم شێوەیە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردران:

1. عەلی عەبدوڵڵا
2. ئیدریس مستەفا بارزانی
3. فازڵ میرانی
4. فەلەکەددین کاکەیی
5. دکتۆر محەمەد سالح جومعە
6. ڕەئیس عەبدوڵڵا
7. نوری شاوێس

کۆنگرەی دەیەم :

مەرگەوەر (کوردستانی ئێران)

(2/12/1989)

ئەم کۆنگرەیە، پاش کۆچی دوایی سەرکردەی هەمیشە لە یاد (ئیدریس بارزانی) بەسترا. (332) نوێنەری لق و ناوچەکانی پارتی و ژمارەیەکی زۆر لە میوانان تیایدا ئامادەبوون کۆنگرەکە لە دوای کردەوە جینۆسایدەکانی ڕژێم دژ بە گەلی کوردستان بەسترا بە تایبەتی (ئەنفال) و سوتاندن و وێرانکردنی (4500) گوند و کیمیابارانکردنی (هەڵەبجە) و چەندین دەڤەری تری کوردستان، هەروەها لەبارودۆخێکی (نوێی) دا بەسترا کە (یەکێتی سوڤیەت) هەڵوەشایەوە و ئەوروپای خۆرهەڵات بەرەو سیستەمی دیموکراسی هەنگاوینا و ڕەوشێکی گۆڕانکاری لە سیستەمی نێودەوڵەتی دەستپێکرد.

بەکۆی دەنگ بەڕێز (مەسعود بارزانی) بە سەرۆکی (پارتی) هەڵبژێردرا و کۆمیتەی ناوەندیش بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:

1. نێچیرڤان ئیدریس بارزانی
2. جەرجیس حەسەن
3. جەوهەر نامیق
4. ڕۆژ نوری شاوێس
5. هوشیار زێباری
6. فازڵ میرانی
7. عەبدولوهەیمەن بارزانی
8. فەلەکەددین کاکەیی
9. حەمید ئەفەندی
10. مەسعود ساڵەیی
11. ڕێبوار یەڵدا
12. عزەددین بەرواری
13. ئازاد قەرەداغی
14. کەمال کەرکوکی
15. عومەر عوسمان (زەعیم عەلی)
16. د. پیرۆت ئەحمەد
17. قادر قادر
18. قادر قەچاخ
19. عەلی بابان
20. محەمەد ساڵح جومعە
21. عومەر عوسمان میرگەسۆری
22. دەرویش ئاغا

لەم کۆنگرەیەدا (سکرتێری حزب) نەما و لەسەر پێشنیاری سەرۆك مەسعود بارزانی (عەلی عەبدوڵڵا) بە کۆی دەنگ بوو بە (جێگری سەرۆك) و ئەندامانی مەکتەب (سیاسی)ش بەم شێوەیە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردران:

1. نێچیرڤان ئیدریس بارزانی
2. فازڵ میرانی
3. دکتۆر ڕۆژ نوری شاوێس
4. دکتۆر جەرجیس حەسەن
5. جەوهەر نامیق سالم
6. هوشیار زێباری
7. عومەر عوسمان (زەعیم عەلی)

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٠٨١٣٠ بەروار ٢٠٢٠/٢/٣ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی دلگەش جلال قادر وون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٣٤٠٨٥٦ بەروار ٢٠١٩/٧/٢٢ بەبری ٥٢٥٠٠٠ بەناوی محمود یاسین خضر وون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای رازوو جۆری ئۆتۆمبێل بارهەلگر جۆری فالفو مقبص ڕەنگ سپی مۆدێل ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٦٣٩٨ کاتی دهوك ژمارەی شاصی YV2TBM0A7VB483188 وون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ئاگاداری دووەم

وەزارەتی دارایی وئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێدانی (گەراجی تەکسی) لەناو کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا , بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) هەموارکراو و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٨٦) جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە سۆران بدات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەرلەبەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

د.کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان

و خانوبەرەی میری

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٧١٧/٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٩

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)

هۆشدار لێکراو: (شیروان اسلام عبدالرحمن) بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١١٨/٢٣٤٦٨) لە ٢٠٢٠/٧/١٣ بەمەبەستی هۆشداری کردنت دانی کرێی هەردوو دووکانی ژمارە (١٥٦) لە بازاری داون تاون دروستکراو لەسەر مۆڵکی ژمارە (٣٦١/١) خانقا بەکرێی مانگانە بەبڕی $١٧١٦ هەزار و حەفسەد و شازدە دۆلاری ئەمریکی بەگوێرەی گرێبەستی ژمارە (١) لە (٢٠١٦/١/١١) لەبەر ئەوەی کرێی مانگەکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨) ساڵی ٢٠١٦ و مانگەکانی (١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥/ ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١١/ ١٢) ی ساڵی ٢٠١٧ و مانگەکانی (١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥/ ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١١/ ١٢) ی ساڵی ٢٠١٨ و مانگەوکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣/٢/١)ی ساڵی ٢٠١٩ و مانگەکانی (٧/٦/٥/٤/٣/٢/١) ی ساڵی ٢٠٢٠ کە کۆی تەواوی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت دەکاتە بڕی ($٨٢٣٦٨) هەشتاو دوو هەزار و سێ سەدو شەست و هەشت دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەگوێرەی اشعاری موختاری گەرەکی (سەربەستی + MRF) لەشاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بۆیە بەفەرمی لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەیی بۆت بڵاودەکەینەوە.

شوان فوزی زکی

ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٧١٨/٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٩

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)

هۆشدار لێکراو: (شیروان اسلام عبدالرحمن) بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١١٨/٢٣٤٦٧) لە ٢٠٢٠/٧/١٣ بەمەبەستی هۆشداری کردنت دانی کرێی هەردوو دووکانی ژمارە (١٥٦) لە بازاری داون تاون دروستکراو لەسەر مۆڵکی ژمارە (٣٦١/١) خانقا بەکرێی مانگانە بەبڕی $١٧١٦ هەزار و حەفسەد و شازدە دۆلاری ئەمریکی بەگوێرەی گرێبەستی ژمارە (١) لە (٢٠١٦/١/١١) لەبەر ئەوەی کرێی مانگەکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨) ساڵی ٢٠١٦ و مانگەکانی (١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥/ ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١١/ ١٢) ی ساڵی ٢٠١٧ و مانگەکانی (١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥/ ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١١/ ١٢) ی ساڵی ٢٠١٨ و مانگەوکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣/٢/١)ی ساڵی ٢٠١٩ و مانگەکانی (٧/٦/٥/٤/٣/٢/١) ی ساڵی ٢٠٢٠ کە کۆی تەواوی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت دەکاتە بڕی ($٨٢٣٦٨) هەشتاو دوو هەزار و سێ سەدو شەست و هەشت دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەگوێرەی اشعاری موختاری گەرەکی (سەربەستی + MRF) لەشاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بۆیە بەفەرمی لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەیی بۆت بڵاودەکەینەوە.

شوان فوزی زکی

ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە/١٢٨٢/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٦/١٦

جاردان

بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو: کەژال عمر رسول – بازران عمر رسول

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٢٨٢/ك/٢٠١٩ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٧ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی بۆ هەر یەکتان لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخوی پێت رابگەینرێت بەپێی مادە ٤٥٣ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدە گرێت.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٧٧/ك/١/ ٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٥/١٩

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: ئازاد عبدالرحمن خورشید

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٣٧٧) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٧٥/ك/١/ ٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٥/١٩

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: هردی شکور عبدالله

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/٢٨ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٧٤/ك/١/ ٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٥/١٨

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: بژار صابر محمد

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١٠/١١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٩) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٢١٥/ك/١/ ٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٢

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: ارام جبار کاظم

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/٢٠ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٥/ك/١/ ٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٨/١٠

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: بژار صابر محمد

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١٠/٥ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٨١/ك/١/ ٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٥/١٧

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: فراس جمیل فخری

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/٢٠ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٤٢٥/ك/١/ ٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٨/٥

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: علی محمود خضر

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١٠/١٣ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٥٢٧/ك/١/ ٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٥/١٨

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: خولە عارف حامد

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/١٥ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٤٠٥/ك/١/ ٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٠

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: گیلان حسن عالی

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/٢٨ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە: ٢٢٤٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٨

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد عثمان علی رشید ناوی دایکی/ زلفا مصطفی

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردستان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە (٢) دوو ڕۆژنامە ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ٢٢٩٨/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٧/١٩

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئاژین علی محمود غفور ناوی دایکی/ لاولاو محمد سعید

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) ی مۆبایل لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە (٢) دوو ڕۆژنامە ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ٣١١٩/ج/٢٠١٥

بەروار: ٢٠٢٠/٧/١٩

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عمر احمد علی خدر

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە (٢) دوو ڕۆژنامە ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ١٩٥٥/ك/٢٠١٦

بەروار: ٢٠٢٠/٢/٤

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شیلان شوکت کریم

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١/٢١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە (٢) دوو ڕۆژنامە ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٧٤٤/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٧/١١

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ڕێبوار غریب صوفی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ ازاد اکرم مجید

* * *

٢٠٢٠/١١/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٧٤٤/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٧/١١

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ڕێبوار غریب صوفی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ٢٢٤٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٨

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد عثمان علی رشید ناوی دایکی/ زلفا مصطفی

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردستان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە (٢) دوو ڕۆژنامە ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ٣١١٩/ج/٢٠١٥

بەروار: ٢٠٢٠/٧/١٩

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عمر احمد علی خدر

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە (٢) دوو ڕۆژنامە ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٦٤٤

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٩

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئەسپە سوورە) بۆ (بازرگانی خۆراك/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیای هەولێر

ژمارە: ٧٧٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٩

بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (بەغداد)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی لقی کۆمپانیای (الراجح للتحویل المالی مساهمة شرکة خاصة) لە (بەغداد) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٩) پەسندکراو لە فەرمانگەی کۆمپانیاکانی بەغداد لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٣١) تایبەت بەدانانی لقی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (شمال کمال عثمان) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠٢٠/٧/٢٩

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە لقی کۆمپانیای ((الراجح للتحویل المالی) بۆ (حەوالەکردنی دراو) بریاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر لقی کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ شەمالّ کمال عثمان

ناونیشان/ سلێمانی – رزگاری ٤١٢

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٧٠١٥٣٢٥٩٨

ئیمیل/ shamall.agha@gmail.com

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (اسماعیل قادر عزیز) بۆ بازرگانی گشتی/ تاك) بریاری گۆرینی (ناوی) ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (اسماعیل قادر عزیز) بۆ کۆمپانیای (Dream Deal)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر



گوڵ حەسەن
ئەو ئافرەتە ڕوسییەی بە دڵ تێکەڵ بە گەلی کورد و شۆڕشەکەی بوو

ئا/ مسلم دۆلەمەری

گوڵ حەسەن محەمەد، نمونەیەك لەو شێرەژنانەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە شان بە شانی هەڤاڵانی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەت کۆڵینەداوە لە خەبات و تێکۆشان و ئێستاش بە هۆی چەندین نەخۆشییەوە لەگەڵ دواساتەکانی ژیانی دەجەنگێت.

کورتەیەک لە ژیانی گوڵ محەمەد

گوڵ حەسەن محەمەد میرزا ڕەجەب لە عەشیرەتی جەلالیان، لە ئەسڵدا دانیشتووی کوردستانی تورکیا بوون. لە سەردەمانی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە تورکیا دەرکراون بۆ ناوچەکانی ئەرمەنستان وئازربایجان. باپیرە گەورەکانیان لەوێ ماونەتەوە، دواتر چوونە ئۆزبەکستان. لەوێ باب و دایکی ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە. گوڵ خان دەگێڕێتەوە کە: لەو کاتەی کە جەنگی جیهانی دووەم دەستیپێکرد من منداڵ بووم، باوکم لەم جەنگەدا بەشدار بووە. وەکو دایکم باسیدەکرد سەردەمێکی پڕ لە ئازار بووە، چونکە دایکم بە تەنیا ئێمە و ژمارەیەك لە خزمانی ئێمەی سەرپەرشتی کردووە. دەیگوت ئێمە لەو کاتدا ژمارەیەکی مەڕ و ماڵاتی باشیان هەبوو کە ئەمەش وایکرد بە هۆیانەوە بتوانین بژێوی ژیانمان دابین بکەین. باوکم لەوکات ماوەیەکی زۆر ون بوو ئێمە بە یەکێك لە ونبووانی جەنگەکەمان دانابوو، بەڵام پاش ماوەیەك هاتەوە چیرۆکی ونبوونەکەشی بریندار بوونی بووە کە لە یەکێك لە نەخۆشخانە سەربازییەکان مابۆوە. ئیتر بەمجۆرە ژیانی خێزانەکەم لەو کاتە بەمجۆرە بەسەر چووە ئەوەیکە من لێی دەزانم، چونکە من خۆم لەو سەردەمدا منداڵ بووم.

سەبارت بە هاتنی بارزانییەکان بۆ ڕوسیە کاتێ کە ئەوان هاتن من لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایم دەخوێند واتە تەمەنم 8 ساڵان دەبوو. ئەو کات ماڵان لە گوندێکی کوردنشین بوو بەناوی گوندی (لیلی ئیزمی) کەسەر بەشاری (سەمەرقەند) بوو. زۆربەی خزمەکانی ئێمەش ماڵیان لەوێ بووە. دوای ئەوەیکە بارزانییەکان هاتنە ناوچەکانی ئێمە بەو هۆیەی کە ئێمە کورد بووین، بەردەوام لە لامان بوون و تەواو تێکەڵی ئێمەبوون. ئێمەش تەوار ڕێزمان دەگرتن، چونکە کورد بوون و لە هەمان کاتدا شۆڕشگێڕی کورد بوون.

سەبارەت بە پێکهێنانی خێزانی من تەمەنم بووە نزیکەی 17 ساڵی هەڤاڵێکی بارزانیی نەمر بەناوی (ئاغا عەلی ئاوداری) داوای منی لە باوکم کرد ئەویش بە بێ دوودڵی منی پێشکەش کرد، هەڵبەت بە ڕەزامەندی خۆم. ئێمە گرفتمان لە شووکردن لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی نەبوو، چونکە هەردوو کورد بووین ئەوەبوو من و خوا لێخۆشبووی هاوسەرم ئاغا ژیانی هاوسەریان پێکهێنا. ماوەی سێ ساڵ دەبوو کە لە ڕوسیا ژیانی هاوسەریان پێکهێنابوو، خودا کچێکی پێدایین ناومان نا (خانم)، بەڵام ژیان دەرفەتی نەدا، کاتێ هاتینەوە کوردستان لە گوندی زورەگفان چووە بەر دلۆڤانی خودای گەورە. لەساڵی 1958 دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی کە بەسەر عێراقدا هات بارزانیی نەمر بڕیاری گەڕانەوەی بۆ عێراق دا، بارزانی خۆی لەو ساڵە گەڕایەوە عێراق پاش گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئەو کاتی عێراق ماوەیەك دوای ئەوان واتە لەساڵی 1959 بڕیاری گەڕانەوەی ئێمەش درا. ئێمە لەکاتی گەڕانەوەمان لەسەر خواستی خۆمان هاتین بۆ عێراق نەك بە زۆری، چونکە مرۆڤ کە ژیانی هاوسەری پێکهێنا دەبێ بە مردن و ژیان لەگەڵ هاوژینی ڕازی بێت. ئیتر وەکو باسمکرد ئەوەبوو لەساڵی 1959 بە کەشتییەکی گەورە بە ناوی کەشتی (گرۆزنا) لە ڕوسیا بەرێکەوتین تا بەندەری بەسرا لەوێ دابەزینە سەر خاکی عێراق و پێشوازیمان لێکرا. پاش گەیشتن ئێمەیان گواستەوە بۆ هەولێر دواتر بۆ ماوەیەك ئێمەیان دابەشکردە سەر چەند شارێکی کوردستان ئینجا هاتینە ناو کەسوکارەکانمان. ئێمە لەگوندی زورەگفان نیشتەجێ بووین کە گوندی هاوسەرەکەم بوو لەوێ ژیانێکی نوێیان دەست پێکرد و هاوسەرەکەشم هەر لەگەڵ بارزانیی نەمر لە خەبات دا بوو، بەڵام لەوکاتدا ژیانی ئاوارەیی و نەهامەتی دەستی پێکرد، چونکە بە هۆی پاشگەزبوونەوەی بەرپرسانی عێراق لە بەڵێنەکانیان شەڕ وئاژاوەیان دژی شۆڕشی بارزان نایەوە.

پاش مردنی خانمی کچم خوا دوو منداڵی دیکەی پێدایین، بەڵام کاتێگ باوکیان لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە لە سەرێ ئاکرێ شەڕی دەکرد بە هۆی هەژاری و خراپی ئەو خانوویەی تیایدا دەژیاین و داڕمانی، ئەو دوو منداڵەشم لەدەستدا و بێ باوکیان پرسەکەمان بەڕێکرد. ئەرکی پێشمەرگایەتی و وەفای بۆ کوردستان لەو ئاستەبوو کە تەنانەت بۆ پرسەی منداڵەکانیشی جەبهەی بەرگری جێنەهێشت و تا چەند مانگێك نەگەڕایەوە، تەنها خەبەری نارد بوو کە خۆتان عاجز نەکەن قوربانی بارزانی بن. دووا تر هاتەوە لامان ئێمە لەوکاتانەدا بەردەوام لەئازاری دەروونی دەژیاین ژیانمان هەر ئاوارەی بوو. هەر دوای چەند ساڵێك خودای گەورە کوڕێکی دیکەی پێدام، بەڵام ئەویش لە ڕێگەی ئاوارەییان و هەڵاتنیان لەبەر سوپای دوژمنان لەنزیك میرگەسور گیانی لەدەستدا. بەگشتی ژیانی ئاوارەیی و دەردەسەری زۆرمان بینی لەپێناو ژیانێك بۆئەمرۆ. لەساڵانی70 کاندا ماڵەکانمان گواستەوە بۆ ناوچەکانی قەسروماکۆسان لەگەڵ بارەگا و ماڵەکانی بارزانیی نەمر، لەوێش جارێکیتر جەرگم سوتاو و هاوسەرەکەشم لە ساڵی 74 بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندە گیانی بەخاکی کوردستان سپارد. ئیتر ژیانمان بووە سەختی و نەهامەتی. لە نسکۆی ساڵی 1975 لەگەڵ بارزانی ئاوارەی ئێران بووین بۆماوەی چەندین ساڵ ودوای ڕاپەڕینی 1991 گەڕاینەوە باوەشی کوردستانی شیرینمان .

پاش جەنگی جیهانی یەکەم (1914-1918) هیچ گۆڕانکارییەك لە نەخشەی خۆرهەڵاتی کوردستان ڕووینەدا، تەوەش لەبەر ئەوەی ئێران لەوجەنگەدا بێ لایەن بوو و لەو دەمەدا لە بە پێی پەیاننامەی ساڵێ 1907ی نێوان بەریتانیان و ڕووسیا و دابینکردنی پێداویستی جەنگەکە لە لایەن هەردوو وولاتەوە داگیرکرا ، لەهەمان کاتدا کوردستانی خۆرئاوای ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە کۆتایی جەنگەکەدا بە پێی بەندەکانی پەیاننامەی سایکس- پیکۆ1916 جارێکی تر لە نێوان سێ هێزی نوێی تازە دابەشکرایەوە ئەوانیش بریتیبوون لە ڕوسیا و بەریتانیا و فەرەنسا، دواتریش لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و تورکیا، ساڵی دواتردا (1922) بەریتانیای پەلکێش بکات بۆ واژۆکردنی پەیاننامەی ئاشتی.

بەم شێوەیە، بەهۆی گۆڕانی هێز و بەرژەوەندی نێودەوڵەتییەوە ، شانۆی جیۆپۆلەتیك لە دژی دۆزی نەتەوەی کوردی گۆڕدرا.

بە پێ مافی چارەنوسی گەڵاڵەنامەی (وودرو وڵسن)ی سەرۆکی وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە 11تشرینی یەکەمی 1918 و لێدوانی ئەنگلۆ-فەرەنسی کە لە ٧ تشرینی دووەمی ١٩١٨ کە پشتگیری لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەکرد دەبوو بەریتانیا و فەرەنسا دەوڵەتێکی کوردیان دروست بکردایە لەو ناوچانەی داگیریانکردبو و سنورەکەشی دیاریکرابوو لە پەیاننامەی سایکس- پیکۆ نەك لە دەرەوەی سنووری ئەو ناوچانە ، چونکە بەندی ٦٢ ی پەیاننامەی سیڤەر (10 ئابی 1920) ،کە بنچینەی بەندەکانی ٦٣ و ٦٤ ە، ئەکەوێتە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی بەریتانیا و فەرەنسای سایکس- بیکو . پاش لە دەستانی ناوچە داگیرکراوەکانی پاش ئەوەی هاوپەیانان سەرکەتوونەبوون لە جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیاننامەی سیڤەر بەسەر تورکیای کەمالی لە ساڵی 1920دا ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی تورکیا وەك هێزێکی کاریگەری و یاریزانێکی نوێی بەهێز لەسەر شانۆی جوگرافیای ئەنادۆڵ.

ئەتاتورك توانی لە ساردی نێوان هاوپەیانان وەربگرێت هەر یەکە لە فەرەنسا و ئیتاڵیا هەڵبخەڵەتێنێت و لە سەرەتای ساڵی 1921وە پەیاننامەیان ، دوور لە بەریتانیا، لەگەڵ بەستێت، سەرەڕای بەهێزکرنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕوسیای سۆڤیەتی بە پێی پەیاننامەی دۆستایەتی نێوانیان لە هەمان ساڵدا، لەکۆتایشدا توانی لە هاوسەریان لەگەڵ ژمارەیەك ئافرەتی ڕوسی و کوردی ڕوسیا پێك هێنا. یەکێك لەم ئافرەتانەی کوردی ڕوسیا بە ناوی گوڵ حەسەن محەمەد کە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ هەڤاڵێکی بارزانیی نەمر بە ناوی ئاغا عەلی ئاوداری لە یەکێتی سۆفیەتی پێشوو پێکهێناوە. ئەم ئافرەتانە بە درێژای تەمەنی کۆڵینەداوە لە خەبات و خزمەتکردن بە شۆڕشی بارزان، بەڵام ئێستا جۆرەها نەخۆشی تەنکی پێههڵچنیوە و لەگەڵ ژیانی دەجەنگێت. بیرەوەرییەکانی ژیانی پرمەینەتی چەند ساڵە و دوور لە کەسوکاری، ئازاری نەخۆشییەکانی زیاتر دەکەن. لەبەسەرکردنەوەیەکی خەباتدا بەشێك لە چیرۆکەکانی ژیانی ئەم شێرە ژنەمان خستە ڕوو.



شکستی کورد لە دروستکردنی دەوڵەتێک لە کۆنگرەی سیڤەر 1920



پرۆفیسۆر دکتۆر فواد حەمە خورشید

جێگیکردنی سنوری نێوان عێراق- ئێران و درێژکراوە جوگرافییەکانی تری باکور نزیکەی 474 ساڵی خایاند، لەسەرەتای جەنگی چاڵدێران 1514 تا کۆتایی جەنگی عێراق- ئێران لە ساڵی 1988، ئەم سنورە کێشراوە بە یەکەم سنوری نێودەوڵەتی دادەندرێت کە نیشتمانی کوردەکانی لەتکرد بۆ دووبەش، خۆرهەڵات (کوردستانی خۆرهەڵات)ی ژێردەستەی ئێران، خۆرئاوا (کوردستانی خۆرئاوا) ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی.

پاش جەنگی جیهانی یەکەم (1914-1918) هیچ گۆڕانکارییەك لە نەخشەی خۆرهەڵاتی کوردستان ڕووینەدا، تەوەش لەبەر ئەوەی ئێران لەوجەنگەدا بێ لایەن بوو و لەو دەمەدا لە بە پێی پەیاننامەی ساڵێ 1907ی نێوان بەریتانیان و ڕووسیا و دابینکردنی پێداویستی جەنگەکە لە لایەن هەردوو وولاتەوە داگیرکرا ، لەهەمان کاتدا کوردستانی خۆرئاوای ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە کۆتایی جەنگەکەدا بە پێی بەندەکانی پەیاننامەی سایکس- پیکۆ1916 جارێکی تر لە نێوان سێ هێزی نوێی تازە دابەشکرایەوە ئەوانیش بریتیبوون لە ڕوسیا و بەریتانیا و فەرەنسا، دواتریش لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و تورکیا، ساڵی دواتردا (1922) بەریتانیای پەلکێش بکات بۆ واژۆکردنی پەیاننامەی ئاشتی.

بەم شێوەیە، بەهۆی گۆڕانی هێز و بەرژەوەندی نێودەوڵەتییەوە ، شانۆی جیۆپۆلەتیك لە دژی دۆزی نەتەوەی کوردی گۆڕدرا.

بە پێ مافی چارەنوسی گەڵاڵەنامەی (وودرو وڵسن)ی سەرۆکی وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە 11تشرینی یەکەمی 1918 و لێدوانی ئەنگلۆ-فەرەنسی کە لە ٧ تشرینی دووەمی ١٩١٨ کە پشتگیری لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەکرد دەبوو بەریتانیا و فەرەنسا دەوڵەتێکی کوردیان دروست بکردایە لەو ناوچانەی داگیریانکردبو و سنورەکەشی دیاریکرابوو لە پەیاننامەی سایکس- پیکۆ نەك لە دەرەوەی سنووری ئەو ناوچانە ، چونکە بەندی ٦٢ ی پەیاننامەی سیڤەر (10 ئابی 1920) ،کە بنچینەی بەندەکانی ٦٣ و ٦٤ ە، ئەکەوێتە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی بەریتانیا و فەرەنسای سایکس- بیکو . پاش لە دەستانی ناوچە داگیرکراوەکانی پێشوویان لە ئەنەدۆڵ و لە پێناو مانەوە و جێگیرکردنی ناوچە هەژموونیان لە ویلایەتی موسڵ و وڵاتی شام، بەریتانیاو فەرەنسا وئیتالیا دەستیانکرد بە جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی تورکەکان، لەسەرەتادا فەرەنسییەکان و ئیتاڵییەکان دەستبەرداری پەیاننامەی سیڤەر بوون دواتریش بەریتانیا . بەریتانییەکان دەستیان کرد بە گفتوگۆ لەگەڵ تورکەکان ونارەزایی شاند بۆ لای تورکەکان سەرئەنجام بە بەستنی پەیاننامەی لۆزان لە 24ی تەموزی 1923کۆتایی هات، ئەم پەیاننامەیە کۆتایی هێنا بە دەوڵەتی کوردستان کە لە ناوەڕۆکی پەیاننامەی سیڤەردا هاتبوو، بەم شێوەیە بە چەند هۆکارێك کوردستان بوە قوربانی ڕێکەوتنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی لە قەرسای، ئەوانیش بریتیبون لە:

1ـ هاوپەیانان دیدو پێشبینیەکانیان تایبەت بە دۆزی کورد لەسەر سیاسەتی ئەمری واقع بەرامبەر بە سوڵتانی بەزیوی جەنگ سوڵتان محمدی شەشەم و لەسەر ئەگەری شکستی کەمالیەکان هەڵچنیبوو.

2ـ نەخۆشکەوتنی سەرۆکی ئەمەریکا وردو وڵسن و دۆراندنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن دیموکراتەکانەوە و فەرامۆشکردنی ناوەڕۆکی مافی چارە نوس و قەتیسکردنی لە دەوڵەتەکانی ئەوروپا و گرتنە بەری سیاسەتی دوورە پەرێزی لە سیاسەتی دەرەوەیان.

3ـ نەمانی ڕوسیاری قەیسەری هاویانیان و دەرکەوتنی ڕوسیای سۆڤیەتی وەك هێزێکی دژبەر و نەیاریان و دژایەتیکردنی هەنگاوەکانی ئەنگلۆ – فەرەنسی بە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانیشەوە و پشتگیریکردنی تورکەکان و دژایەتیکردنیان بۆ دابەشکردنی ئەنادۆل، پەیاننامەی سیڤەر لەسەر ئەو بنەمایەی ئەم پەیاننامەیە پرۆژەیەکی کۆلۆنیاڵییە.

4ـ گواستنەوەی دەسەڵات لە سوڵتانی بەزیوی جەنگ محەمەدی شەشەم بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورك کە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە وەك نوێنەری تورك جگە لەوەی لە لایەن دژبەرانی چارەسەری ئاشتیشەوە دانی پێدانرابو.

5ـ کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتی (لوید جۆرج)لە سەرۆکایەتی وەزیرانی بەریتانیا و جێگرتنەوەی بە (ئەندۆر لو) کە کێشەی کوردی فەرامۆشکرد، لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیشیدا ویلایەتی موسڵی بە ویلایەتەکانی بەغا و بەسرە لکاند، و لەژێر کاریگەری مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغداد (ولیەم کۆکس) و وەزیری موستەعمەرانی بەریتانی ئەوکات (وینستۆن چەرچل) دەوڵەتی عێراقی بۆ مەلیك فەیصەل پێکهێنا بە بێ هیچ ڕاوێژێك بە گەلی کورد.

6ـ دۆخی سیاسی ناوخۆی هەرێم نالەبار و نا ڕون و یەکنەگرتووبوون، لەنێوان باشوری کوردستان و باکوری کوردستان(ئەنادۆل)، لە دیمەنی کۆنگرەی ئاشتی پاریس-یش.

7ـ لەدیدی بەریتانیا (بە پێ قسەی ئارنۆلد وڵسنی مەندوبی سامی بەریتانیا لە نیشتمانی نێوان دوو ڕووبارى ئەوکات) هۆکاری دواکەوتووی کوردستان و کەم و کورتی لە هۆکارەکانی گواستنەوە و ململانێ توندی خێڵەکی ناچاریکردین بۆ کارکردن بە ئاراستەی کوردستان و هەوڵدان بۆ دواخستنی بابەتەکە، بە پشت بەستن بە بنەما جوگرافی و بازرگانییەکان بۆمان دەرکەوتن گەشەکردنی کوردستانی باشور کاتێك ڕووەدات کە بلکێنرێت بە نیشتمانی نێوان دوو ڕووبار. لەسەر ئەم بنەمایە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابەشکرا بۆ سێ هەرێم و لکێنرا بە سێ دەوڵەتی تازە دروست بووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، پاش دروستبوونیان بریتی بوون لە تورکیا و عێراق و سوریا، تا ئێستا کوردستانیان دەنالێنن بەدەست ئەو لکاندنە زۆرە ملێیەی کە لە لایەن داگیرکەرانی بیانەوە بەسەریاندا سەپێندرا، هیچ خێرێکی بۆیان نەبوو، جگە لە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی و توانەوەی گەل و بە عەرەبکردن و بە تورك کردن و بە فارسکردن.

چەند وێستگەیەک لە ژیانی گەورە نووسەری گاڵتەجاری میسری

مەحمود ئەلسەعدەنی





بۆتان جەلال

سەرەڕای ئەوەی تاریکی ژیانمی تەنیبوو، هەژاری و نەداری لە زۆر ئاوات دووریان خستبوومەوە، خەم و ژان و تەنیایی، ئاسۆی دنیای ڕووناکیان لێڵ کردبووم، وەلێ هەمیشە خۆم سێبوری و سەلوای خۆمم دەدایەوە و هیوا و ئومێدم بۆ خۆم دەچاند.. ئەمە کورتەیەك لە ژیانی گەورە نووسەری گاڵتەجاری عەرەب «مەحمود ئەلسەعدەنی»یە کە لە پێشەکی کتێبێکدا بەناوی (ڕۆژانێك لەگەڵ منداڵە لاسارەکە) لە نووسینی سامی کەمالەدین دەربارەی ژیانی مەحمود سەعدەنی نووسیویەتی، بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەنووس و نووسەری گاڵتەجاری میسری مەحمود سەعدەنی لە ڕۆژی ٢٨ ی فێبرایەری ساڵی ١٩٢٨ لە (جیزە) چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە، ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٥ لە تەمەنی ٨٢ ساڵی کۆچی دوایی کرد، بە مردنی ئەم کەڵە نووسەرە، میسر و عەرەب و هەر هەمووی هەوادارانی ئەدەبی تافز، یەکێك لە ڕاگرە هەرە ناوداڕەکانی تانزی گاڵتە و گەپ و گاڵتەجاری لە دەستدا.

لە کتێبەکدا لەسەر زای مەحمود سەعدەنی هاتووە: «من نووسەرێکی زۆر بە بەخت بووم کە سەرەتای ژیانی نووسەریم بە ئاشنایەتی کردن لەگەڵ چەندین نووسەر و میوزیکژەن و ڕووناکبیری گەورەی میسری دەستپێکردووە، سەرەتا (مائمون شناوی)م ناسی و لەوێوە فێری هونەری گاڵتەجاری بووم، نووسەرێکی زۆر بە توانا بوو، لە بواری گاڵتەو گەپ دا نموونەی دەگمەن بوو، گەر هەڵێکی باشی بۆ بڕەخسابایە هیچی لە (ئۆسکار وایلد) کەمتر نەبوو، هەروەها توانیم لە نزیکەوە ببمە هاوڕێی (نەجیب ڕەیحانی) لە ڕۆژانی دواینەکانی تەمەنیدا داوای لێکردم ببمە ئەکتەر و بچمە ناو بواری نواندن لە شانۆ و تەلەفزیۆن و سینەمادا، ئەگەر پاش ئەو داواکردنەی چەند مانگێکی دیکە بژیابایە، ڕەنگبوو ئێستا ئەکتەرێکی ناوداری میسر دەبووم، پاشان (بەیرەم تونسی)ی شاعیر و (شێخ محەمەد رەفعت) و (شێخ زەکریا ئەحمەد)ی دەنگخۆش و (کامل شناوی) یم ناسین».

لە دریژەی تیشك خستنە سەر ژیانی خۆی لەو کتێبەدا، باس لە کار و ئیشەکانی لە فەرمانگە حکومییەکان دەکات و دەڵێت: سەرەتا بە 6 جونیهە بووم بە فەرمانبەر، بەڵام زوو دەریانکردم، ڕووم کردە دنیای ڕۆژنامەگەری وەك ڕۆژنامەنووسێك لە چەند ڕۆژنامەیەکدا بە پارچە بەرامبەر بە چەند پارەیەکی کەم بابەتم بڵاو دەکردەوە و، دوای ئەوەی بڕادەرایەتیم لەگەڵ چەندانێك لەو ڕۆژنامەنووسانە پەیدا کرد کە لە شەقامی محەمەد عەلی لەچەند ڕۆژنامەیەکی ئەوێدا کاریان دەکرد، بۆم دەرکەوت کاری ڕۆژنامەگەری ئەو خەونە گەورەیە نیە کە خەڵکی ئاواتی بۆ بخوازێت، فێڵبازی و دووڕوویی هەندێك لەو برادەرانەم وایان لێ کردم دووچاری بێ هودەیی و ڕەشبینی ببم، بۆیە زۆر بەجدی هەوڵی خۆکوشتنمدا، بەڵام پەشیمان بوومەوە.

سەعدەنی دەڵێت لە گۆڤاری (کەشکول) کە گەورە نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەئمون شناوی دەریدەکرد، کارم کردووە، زۆریش پیشەی ڕۆژنامەگەری لەو نووسەرە بلیمەتە فێر بووم، ئەویش دوای ماوەیەك لە کارکردنم لەوێ، گۆڤارەکە داخرا، پاشان بابەتم بۆ ڕۆژنامەی (المصری) دەنارد کە زمانحاڵی پارتی وەفد بوو، پاشان ڕووم کردە دەزگای (الهلال) لەوێ لەگەڵ کاریکاتێرستێکی برادەرم گۆڤارێکی تایبەت بە گاڵتە و گەپان دەرچواند، بەهۆی ناکۆکیان لەگەڵ پیاوانی سانسۆر، گۆڤارەکەیان لێ داخستین...

مەحمود سەعدەنی لە بواری سیاسەتدا چالاکانە کاری کردووە، پشتگیری لە شۆڕشی 23ی یۆلیۆ کرد و پاشان لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە) دەستی بەکار کردووە، ئەوکات ئەو ڕۆژنامەیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی سەرپەرشتیان دەکرد، کاتێك ئەنوەر سادات بووە سەرۆکی میسر بە بڕیارێك مەحمود سەعدەنی لەو ڕۆژنامەیە دوور خستەوە، بڕیارەکە هەر تەنیا بۆ ئەو نەبوو، بەڵکو (بەیرەم تونسی) و (عەبدولڕەحمان خەمیسی) و دەیان ڕۆژنامەنووسی بەتوانای گرتەوە، پاشان بۆیان دەرکەوت هۆکاری دوورخستنەوەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جارێکیان مەحمود سەعدەنی (نوکتە)یەکی لەسەر ئەنوەر سادات گوتووە و نوکتەکە گەیشتۆتەوە خۆی...

پاش دوورخستنەوەی لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە) نووسەر و ڕۆمانnووسی ناودار (ئیحسان عەبدولقدوس) داوای لێ دەکات لەگەڵیدا لە گۆڤاری (ڕۆز ئەلیوسف) دا کار بکات و ناونیشانی بەڕێوبەری نووسینی پێ دەبەخشێت.

ژیان و پیشەی ڕۆژنامەگەری وەك خۆی دەڵێت وا ئاسان نیە و ڕێگای ڕۆژنامەنووسان بە گوڵ نەچێندراوە، ئەوەتا لە چەند لاپەڕەیەکی کتێبە کە دا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (بەهۆی کارێکی ڕۆژنامەوانییەوە سەفەری سوریام کرد، ئەوکات ئامادەکاری بۆ یەکگرتنی (میسر و سوریا) دەکرا، لەوێ ئەندامانی حیزبی شیوعی سوریا نامەیەکیان پێ دام کە بیدەمە دەست سەرۆك جەمال عەبدولناسر، نامەکە هەڕەشە ئامێز بوو، تیایدا نووسرابوو دەبێ میسر و دەسەڵاتدارانی هەموو ئەندامانی حیزبەکەمان لە میسر ئەوانەی دەست بەسەرن و لە بەندیخانەکانن ئازادیان بکەن، ئەگەر نا چارەنووسێکی ڕەش لە چاوەڕوانیاندایە.

مەحمود سەعدەنی دەڵێ: نەمدەزانی نامەکە چی تیا نوسرابوو، منیش نامەکەم دایە دەست ئەنوەر سادات، لە ئەنجامدا سادات بڕیاری گرتنی دام (2) دانە ساڵ لە بەندیخانەکانی قەڵا و واحات و فەیوم ژیانێکی تاڵم بەسەر برد و گوایە من پشتگیری لە حیزبی شیوعی دەکەم، پاش ئەو دوو ساڵە ئازاد کرام و گەڕامەوە سەر کارەکەم لە (ڕۆز ئەلیوسف)، پاشان بە قوڵییەوە تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسەت دەبێت و دەچێتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی (التلیعی)، ئەگەر ئەوکات محەمەد حەسەنێن هەیکەل باڵیۆزی سەرۆك عەبدولناسر بوو و بازنەی سیاسەتەکانی ناسڕی بە جیهان دەبەستەوە، مەحمود باڵیۆزی سەرۆك جەمال عەبدولناسر بوو لە ناوەوەی میسر، ناوداری و دەسەڵاتێکی گەورەی بۆ خۆی پێکهێنابوو بەتایبەتیش لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرا، بەڵام ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئەنوەر سادات هەر دەهات گەورەتر دەبوو، وای لێهات بە بڕیاری سادات ئیشکردنی مەحمود سەعدەنی لەناو میسر قەدەغە کرا، ناچار بوو بۆ کار و نان پەیدا کردن ڕوو بکاتە بەیروت، دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە لوبنان هەڵگیرسا، ئەویشی جێهێشت و ڕووی کردە لیبیا و بە دیداری سەرهەنگ موعەممەر قەزافی شاد بوو، قەزافی داوای لێ کرد بگەڕێتەوە لوبنان لەوێ ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی بۆ دەردەکات، بەڵام ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە لوبنان، پاشان لە ڕۆژنامەی (الفجر)ی ئیماراتی دەستی بەکاری ڕۆژنامەگەری کردەوە، ئەمجارەیان ڕووی کردە کوێت لە ڕۆژنامەی (السیاسە الکویتیە) دریژەی بە پێشکەشکردنی بیر و بۆچوونە سیاسی و ئەدەبییەکانی دا، لەوێوە ڕووی کردە ئێراق، پاشان بەرەو لەندەن خۆی پێچایەوە و لەوێ گۆڤارێکی بەناوی (23یۆلیۆ) دەرچواند کە ناوداربیەکی یەکجار گەورەی بەدەست هێنا.

پاش تیرۆر کردنی ئەنوەر سادات سەرۆکی ئەوکاتی میسر، دوژمنە سەرسەختەکەی، لە ساڵی 1981 مەحمود ئەلسەعدەنی گەڕایەوە خاکی نیشتمانەکەی و سەرۆك حوسنی موبارەك سەرۆکی نوێی میسر، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرد و داوای لێ کرد لاپەڕەیەکی تازە هەڵبداتەوە.

گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە گاڵتەجارییەی کە نەك تەنها خاوەن زمانێکی تیژ و هار بوو، بەڵکو مێشکێکی گەورە و توانایەکی ڕادەبەدەریشی لە نووسین و سیاسەت هەبوو، ناسراوترین کتێبەکانی (مژکرات السعدنی) و (الولد الشقی) و (الموکوس فی بلد فلوس) و (رحلات ابن عتوتە) و (قهوە کتکوت) و (حمار من الشرق) و (مسافر بلا متاع) چەندین بەرهەمی دیکە لە چیرۆك و سیناریۆی سینەمایی.

چوار کورتە چیرۆکی

(نەجیب مەحفوز)

وە: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.storiesrealistic.com

لە کەناری دەریاوە

خۆم لە سەر ڕێڕەوێکی باریك بینییەوە، کە بیابانی لە دەریا جیا دەکردەوە، ترس و تۆقین دایگرتم، هەستم بە تەنیاییەکی نامۆ کرد، لەناکاودا، خانمێکم بینی، کە نە زۆر نزیك و نە زۆر دوور بوو لێمەوە، بەڵام سیما و باڵای لە کنم ڕوون نەبوو، ئومێدێکم لە ناخمدا بەدیکرد، بەوەی هەندێك هۆکاری نزیکی یان زانیاریم لەکنی دەست دەکەوێت، دەستمکرد بە ڕۆیشتن بۆ لای ئەو، بەڵام ماوەی نێوانمان هەرگیز کورت نەبوویەوە، هەتا موژدەی گەیشتنیشی پێنەدام، بە هەموو ناو و ئاکارەکان بانگیم کرد، بەڵام وەڵامی نەدامەوە، ئێوارە داهات و بەرە بەرە زیندەوەرەکان ون دەبوون، منیش وازم لە ڕۆیشتن یان بانگکردن هەر نەهێنا.

دەرفەتی تەمەن

لە کەناری دەریا تووشی بووم، لەژێر چەترێکی خۆڕپاریز دانیشتبوو و، چاودێری نەوەکەی دەکرد، کە لە قوم کۆشکی دروست دەکرد، بە گەرمی سڵاوم لێی کرد و لە تەنیشتییەوە دانیشتم، دوو پیری هێمن لەژێر چەتری کەنەفتیدا، لە هێکڕا دایە قاقای پێکەنین و گوتی: بۆ تەمەنی وەکو ئێمە، هیچ مانایەك بۆ ژیان نییە، دەبا چیرۆکێکی کۆنت بۆ بگێڕمەوە، چیرۆکەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە، منیش تاکو کۆتایی، بە سەر سوڕماوی و واق وڕماوی لێم دەڕوانی، ئەودەم بەخۆم گوت: دەرفەتی تەمەنی لەکیس دام، بە داخەوە.

پێکەنین

لەسەر گۆڕێك وەستاو و دوایین نیگای مالئاوایی لە تەرمی ئەزیزێك کرد، قاقای پێکەنینی لە ڕابردووی جواندا، هاتەوە بیرم، سەیری چواردەوری خۆمم کرد، بەڵام تەنیا سیمای گرژی پرسەدارانم بینی، لە کاتی گەڕانەوە لە گۆڕستاندا، دۆستێکم بە چڕپە پێی گوتم: بەڵاتەوە چۆنە کاتژمێرێك لە قاوەخانەیەك وچان بدەین؟ داواکەی تەزوویەکی ئاسوودەیی بە مێشکمدا هێنا، قاچەکانم تاکو شوێنی دانیشتنە کە چالاك بوون، لەوێ پەرداخی ئاوی سارد، قاوەی تێکەڵ و تکای زیندووەکان لە مردووەکاندا هەیە.

خەونی ٢٠٢

کچێکی جوان قۆڵی لە قۆڵم هەڵکێشا، لەبەردەم کتێب فرۆشێك وەستاین، کە کتێبەکانی لەسەر زەوی ڕاخستبوو، لە نێو کتێبەکاندا، کتێبەکانی خۆم بینی، کە ڕووبەڕێکی زۆریان گرتبوو، دەستم دایە کتێبێك و بەرگەکەیم هەڵدایەوە، بەڵام تاسام، کە بینیم لاپەڕەکانی هەمووی سپین، دەستم دایە کتێبێکی دیکە، بەم شێوەیە سەیری هەموو کتێبەکانم کرد، هەموویان تەنیا لاپەڕەی سپی بوون، تیلەی چاوم لە دەنکەکەم کرد، بینیم بە دڵتەنگی سەیرم دەکات.



کێشەی هیند و چین لە ناوچەی باشووری ئاسیادا

ملمانێ لەسەر دەسەڵات

ئا: خالید گەردی

نیمچە کیشوەری هیند و چین، کە لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە بە گەورەترین و چڕترین ناوچەی جیهان دادەنرێت تەنیا لە (9) وڵاتدا (3.1) ملیار مرۆڤی تیا نیشتەجێیە، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی کارەساتی پەتای کورۆنا لەسەر ئاستی جیهان، ناوچەکە ئێستا لە رووی جیۆسیاسیشەوە رووبەڕووی یارییەکی ترسناك بۆتەوە.

هەڵمەتێکی چڕ

لە گەرمەی بڵاوبوونەوەی پەتای کورۆنادا، چین و هیند کە هەر یەکەیان لەسەر ئاستی ئاسیا و جیهاندا خاوەن هێزێکی کاریگەرن ، هەڵمەتێکیان لەدژی یەکتر دەست پێکرد، هەریەکە بەرپرسیارێتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەی لە ناوچەکە دەخستە ئەستۆی ئەوی دیکەیانەوە، هاوکات هێزە دەرەکییەکانی وەك ئەمریکا و ژاپۆن لە هەوڵی ئەنجامدانی مانۆرێکی سیاسین لە نێو ناوچەکەدا.لە راستیدا هیند و چین لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە هەرێمی لاداغ لەنێوانیان رووید، ئەگەرچی شەڕەکە تا رادەیەکی زۆر سنووردار بوو بەڵام کوژرانی (20) سەربازی هیندی لێکەوتەوە، تا ئەم چرکەساتەش سوپای هەردوو وڵات بە درێژایی (هێڵی دەسەڵاتی کردەنیی) بەرامبەر یەك وەستاون و رەوشەکە ئاسایی نەبۆتەوە.

سەرەتا لە رۆژانی 5و 6ی ئایار رووبەڕووبوونەوەی توند لە نێوان سوپای هەردوو وڵات رووید، دواتر لە رۆژانی 8و9ی هەمان مانگ شەڕ و پێکدادان لە نێوانیان دەستی پێکردەوە، لە چەند رۆژی رابردوو بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی رەوشەکە شاندی بااڵی سەربازیی هەردوو وڵات دەستیان بە وتوێژ کرد، تا ئێستاش دانوستانی سەربازی و دیبلۆماسی لە نێوانیان بەردەوامە.مەترسییەکە لەوەدایە ئەمە یەکەم جارە لەوەتەی ساڵی 1962ی زایینیەوە، دوای رێککەوتنی هەردوولا لەسەر (هێڵی دەسەڵاتی کردەنیی)، گرژی و ئاڵۆزی لەنێوانیان لەو هەرێمە سەر هەڵبدات، هەردوولا بە درێژایی سنووری نێوانیان لە ناوچەکانی هەرێمی لاداغ لە رۆژئاوای کشمیر تا رۆژهەاڵتی ناوچەی نێوان (نیپاڵ و بوتان) بە درێژایی سنوورەکە سەربازی زۆریان بەرامبەر یەکتر بااڵوە پێکردووە.

حیسابەتی سیاسی

بۆ زانیاری، ئەمە یەکەم جار نییە شەڕی راستەوخۆ لە ناوچە سنووریەکان لە نێوان سوپای هیند و چین رووبدات، بەڵکو لە ساڵی 2017 لە ناوچەی دوکالم کە ناوچەیەکی سنووری سێ الیەنی هیند و هێزێکی ئابووری و سەربازی و سیاسی و کۆمەاڵیەتی سەقامگیرە، چین بەدووری نازانێت لە ئایندە لە ئاسیادا رکابەرییەکی سەرسەختی بکات، بەتایبەتیش باش دەزانێت هێزی هاوپەیمانی و هاوبەشی وڵاتی هیند لەگەڵ وڵاتانی ئاسیا و رۆژئاوا چەند زیاتر بێت، ئەوا کەمتر دەتوانێت گوشار بخاتە سەری، هەر بۆ ئەم مەبەستەشە چین پاڵپشتی لە پاکستان دەکات و هەوڵیش دەدات هەستی وڵاتانی ناوچەکە لە دژی هیند بجوڵێنێت».هەندێ لە چاودێرانی تایبەتمەند بە کاروباری باشووری ئاسیاش پێیانوایە نمایشی سەربازی چین لەبەردەم جیهان، وەك هەوڵێکی پێشوەختی وڵاتی چینە بۆ لەبار بردنی سەرکێشییە سەربازییە چاوەڕوانکراوەکەی هیند لە ناوچەی (گیلگێت و باڵتیستان)، کە رێڕەوی ئابووری نێوان چین و پاکستانی پیا تێپەڕ دەبێت.

کێشەی نێوان هیندستان و نیپاڵ

لەالیەکی دیکەوە سەرەڕای ئەو پەیوەندییە بەتینەی ماوەی چەند سەدەیەکە لە نێوان هیند و نیپاڵ بەردەوام بوو، بەاڵم بەم دواییە کێشەی سنوور لەنێوانیان سەری هەڵدا و بووە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان، سەرهەڵدانی کێشەکەش لەدوای ئەوە هات هیندستان رێگایەکی لەسەر چیای هیمالایەی لەگەڵ هەرێمی تیبت کە سەر بە وڵاتی چینە



دروست کرد، هەر چەندە دروستکردنی رێگاکە لە شەو و رۆژێکدا دروست نەکراوە ماوەی چەند ساڵێکە هیند سەرقاڵی دروستکردنیەتی حکومەتی نیپاڵ ماوەیەکی زۆر زانیاری لەسەر هەیە، بەاڵم بەم دواییە دروستکردنی رێگاکە لە نێوخۆی نیپاڵ کرایە کێشەیەکی سیاسی و هۆکاری ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانیان.لەالی خۆشییەوە هەفتەی رابردوو پەرلەمانی نیپاڵ، یاسایەکی دەرکرد، بەپێی یاساکە جگە لەوەی گۆڕانکاری بەسەر شێوەی نەخشەی سیاسی وڵات داهێنا، سێ ناوچەی هیندستانیشی خستۆتە سەر نیپاڵ کە بریتی بوون لە لیمبیادهورا و کالاپانی و لیپولەك.لە رووداوێکی دیکەی سەر سنوور پۆلیسی پاسەوانی سەر بە نیپاڵ تەقەیان لە خەڵکی گوندنشینێکی هیندستان لە سەرسنوور کرد لە ئەنجامدا کەسێکیان کوشت، لەمبارەیەوە خەڵکی گوندەکە گوتوویانە پۆلیسی پاسەوانی سنوور داوایانی لێکردووە هاموشۆ نەکەن لەبەر ئەوەی دەبنە هۆکار بۆ باڵوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا لە نێو نیپاڵ.لەسەروبەندی ئەم رەوشە چاودێرانی سیاسی وای دەبینن کە بی شارمای سەرۆك وەزیرانی نیپاڵ مەیلی بەالی چیندا زیاتر بووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتنەوە کە ناوبراو حکومەتی هیندستان بەوە تاوانبار دەکات کەوا لە ساڵی 2016 دەستی لە هەوڵی رووخاندنی حکومەتەکەی هەبووە. لەبەر ئەوەی نیپاڵ سنووری دەریایی نییە، ماوەیەکی زۆر بوو پشتی بە هاوردەکردنی کەلوپەل لە هیندستان دەبەست، ئەمەش هەڵی بۆ هیندستان رەخساند رۆل لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە بگێڕێت، بەاڵم لەبەر دوورکەوتنەوەی نیپاڵ لە دەسەاڵتی هیندستان رەوشەکە گۆڕانی بەسەردا هات و چین خەریکە بۆ هاوردەکردنی کەلوپەل شوێنی هیندستان بگرێتەوە.

نزیکبوونەوەی نیپاڵ لە چین، هیندستانی سەخڵەت کردووە

دەمێکە چین لە هەوڵی بەهێزکردنی چالاکییە بازرگانییەکانی دایە لە جیهان، لەم رووەوە بایەخی زیاتر بە وڵاتی نیپاڵ دەدات و بە هاوبەشێکی میحوەری گرنگ لە ناوچەکە سەیری دەکات، سەردانەکەی ساڵی رابردووی شی جینگی سەرۆکی چینیش بۆ نیپاڵ، گرۆتێنێکی نوێی بە پەیوەندییەکانی نێوانیان دا، بە جۆرێك هەردوو وڵات بڕیاریان دا پەیوەندییەکەیان بەجۆرێك پێش بخەن بیگەیننە ئاستی هاوبەشی ستراتیژی.بەرەو پێشچو و نی

پەیوەندییەکانی نێوان چین و نیپاڵ، هیندستانی سەغڵەت کردووە، کریشان سینگ کە پێشتر دیبلۆماتکار بووە دەڵێت: چۆن دەتوانین رەفتار لەگەڵ چین بکەین؟ ئێمە بەرپەرچیان دەدەینەوە، بەاڵم کاتێك کارەکە بگاتە ئاستی ناوچەیەکی جەوهەری لەنێو بازنەی دەسەاڵتی خۆت کە نیپاڵە، ئەوا پێویست دەکات لەسەرمان خۆمان لە سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە رزگار بکەین. چونکە ئێمە هاورەگەزی زۆرمان لەو وڵاتە هەیە، پەرلەمانی نیپاڵ هەیە، دابەشبوون لە حزبی شیوعی نیپاڵی دەسەاڵتدار سەری هەڵداوە، وا پێویست دەکات لە بووکە شووشەی دەستی چین رزگاربین و پشتیوانی لە حکومەتێك بکەین سۆزی بۆ هیندستان هەبێت، بەمەش زەبرێکی کوشندە دەوەشێنینە چین و دەبێتە پەندێکیش بۆ وڵاتە هاوسێکانی تر ئەگەر هەوڵی نزیکبوونەوە یا پاریزگاری لەچین بکەن، ئەوا بەکەڵکتان نایەت و ناتوانێت رزگارتان بکات. چونکە شارەزایی لە میکانیزمی دیموکراتی نییە. مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە شکستەکەی هیندستان لەگەڵ نیپاڵ، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی سنوور لە رۆژهەاڵتی الداغ لەگەڵ چین، رەنگە چین هەوڵی زیاترکردنی ململانێی نێوان پاکستان و هیندستان لەسەر جامۆ و کشمیر بکات و پشتگیری لە پاکستان بکات.لەمبارەوە ئەنیربان بهاومیکی رۆژنامەنووسی هیندی گوتوویەتی: تێکچوونی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ نیپاڵ نسکۆیەکە بۆ هەوڵەکانی ئەم دواییەی هیندستان کە بۆ گەڕاندنەوەی رۆڵی سەرکردایەتی لە نێو رأیتەی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاری هەڕێایەتی دەیدا، تەنانەت ئیسالم ئابادیش دەرفەتی سەرهەڵدانی کێشەی سنووری نێوان هیند و چین لەالیەك و هیند و نیپاڵ لە الکەی دیکەوە قۆزتۆتەوە بۆ تاوانبارکردنی نیودەوڵەتی کە گوایە تەماحی بەرفراوانبوونی هەیە.

چین لەبەردەم دانوستاندنی ئاسایشی چوارقۆڵیی

هەندێ لە شارەزایانی سیاسی دیکە پێیانوایە، چین لەبەر ئەو رەوشە جیۆسیاسییەی کە ئێستا جیهان پێیدا گوزەر دەکات، لە خەونی بەدەستهێنانی سەرکردایەتی کردنی جیهان، یا هەر نەبێت بەدەست هێنانی پلەی دووەم لە دەستبااڵیی لە جیهاندا لە دوای ویالیەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوور کەوتۆتەوە، یا بە واتایەکی تر کارەکە بۆی سەختتر بووە. هەڵگرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن؛ سەرەڕای ئەوەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا بەهۆی کارەسات و لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کورۆنا رووبەڕووی کێشە و کۆسپی زۆری ناوخۆیی بۆتەوە، بەاڵم لە دروستکردنی فراکسیۆنێك لەو الیەنانەی دژایەتی چین دەکەن، سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

ئەمڕۆ وەك دەبینین هەر یەك لە وڵاتانی ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئوسترالیا سەرقاڵی کەمکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چین و چاو بە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە دەخشێننەوە، لەم کارەشیاندا کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمەڵەی (حەوت وڵاتە گەورەکان)یان لەبەرچاوگرتووە، ئەمەش وای لە پەکین کردووە هەست بە نائومێدی بکات.لەمبارەیەوە مانیش باندیای رۆژنامەنووسی هیندستانی دەڵێت: کێشەکانی نێوان هیندستان و چین پەیوەستە بە باشی و خراپی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان چین و ئەمریکا، هیند تاکە وڵات نییە لە نێوان کێشەکانی ئەو دوو وڵاتە پەنگی خواردبێت، سەرەڕای ئەمەش ئەو سەرکوتکارییانەی چین لە دژی نارازییەکانی هۆنگ کۆنگ و سەرکوتکردنی رەخنەگرانی نێوخۆی تایوان، ئەنجامی دەدات، هەروەها هەوڵی سەپاندن و جێگیرکردنی داگیرکردنی سەرتاسەری تیبت، بۆ چاودێرانی پەیوەندییەکانی نێوان چین و هیند، کارێکی لەناکاو یا پێشبینی بۆ نەکراو نییە، جگە لەمەش دوای رێککەوتنی نیودەڵەمی و کانیبرا لەسەر بەرگری هاوبەشی سەربازی لە گەڕووە دەریاییەکان لە نێوانیاندا کە چینیش ململانێی لەسەر دەستبەسەرداگرتنیان دەکات، چین بە ئەنقەست ئوستراالیای لە کێشە ئەمنییەکانی خۆی لەگەڵ هیندستان تێوەگالند، چونکە وەك رۆژنامەی گلوبال تایمز وتەنی چین رێککەوتنی نێوان هیند و ئوستراالیا بە هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ سەر خۆی دەزانێت.لەالیەکی دیکەوە لەم ساڵەدا «میساقی ناوچەی هیند و دەریای ئارام» زۆر بە خێرایی پێکدێت و پشتگیری کردنیشی لە ناوخۆی هەر چوار وڵاتی (ئوستراالیا و ژاپۆن و ئەمریکا و هیند) زیاتر دەبێت، بڕیار بەدەستانی هەر چوار وڵات بە شێوەیەکی نافەرمی تاوتوێی میساقە پێشنیارکراوەکە دەکەن، وا دیارە هەرچوار وڵاتی بەشداربوو (کە خاوەن سیستەمی دیموکراتین) لە وتوێژە ئەمنییەکان وەك خاڵی سەرەتا ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی نموونەیی سەیر دەکەن. کە پێشبینی دەکرێت بە تێپەڕبوونی کات، وڵاتانی دیکەی وەك ڤێتنام و باشووری ئەفریقاش بێنە ریزییەوە.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

مانشێت

ئیندیپێندێنت:

وەك وەاڵمێك بەرامبەر هەنگاوەکانی ئەمەریکا ، حکومەتی چین سزای بەسەر ژمارەیەك کۆنگرێسانی سەر بە پارتی کۆماریی ئەمەریکادا سەپاند.




ئۆبزێرڤەر:

بەرامبەر بەو مانۆرە سەربازیەی کە تورکیا لە رۆژهەاڵتی دەریای ناوەڕاست ئەنجامی دەدات، یۆنان سوپای خستە حالەتی ئامادەباشییەوە.



ئەی ئێف پی:

وەزیری دەرەوەی تایوان رایگەیاند چین دەخوازێ دوورگەکە بە دەردی هۆنگ کۆنگ ببات.



ئیلاف:

لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لەالیەن دۆناڵد ترامپ، پاسەوانی نهێنی کۆشکی سپی تەقەیان لە کەسێك کرد کە بە چەکەوە لە کۆشك نزیك کەوتبوەوە.



رۆیتەرز:

بە گوێرەی ئامارێك ، ژمارەی تووشبوانی ڤایرۆسی کورۆنا لە سەرتاسەری جیهاندا 20 ملیۆن کەسی تێپەڕاند.



بی بی سی:

دوای سەرنەکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، سەرۆکی باڵی ئۆپۆزسیۆن لە بیالرووسیا رووی کردە لیتوانیا.



بۆ بەدەستهێنانی دیبالا، ریال ئامادەیە دەستبەرداری تۆنی کروز بێت

تۆری سپۆرت میدیاساتی ئیتاڵی دووپاتی کردەوە کە یانەی ریاڵ مەدرید بەنیازە لەوەرزی تازەدا گرێبەستێك لەگەڵ پاولۆ دیبالای ئەستێرەی یانەی یۆڤێنتۆس مۆربکات.

تۆرەکە ئاماژەی بۆ ئەوەداوە کە یانەی ریاڵ مەدرید دوای دەرکردنی لە رکابەری پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرامبەر مان سیتی، پلان بۆ ئەوەدادەنێت کە لەوەرزی داهاتوودا بەبەهێزتر دەربکەوێت.

یانەی ریال مەدرید لەپیناو دیبالادا ئامادەیی خۆی نیشانداوە دەستبەرداری هەریەك لە تۆنی کروز یان ئیسکۆ بێت، بۆ ئەمەش بەفەرمی پەیوەندی بەیانەی یۆڤێنتۆسەوە کردووە، بەڵام رەنگە مەحال بێت یانە ئیتاڵییەکە دەستبەرداری ئەو ئەستێرەیە بێت، چونکە پێڕلۆی راهێنەری تازەی خانمەپیرەکە یەکێکە لەوانەی بە ئاستی دیبالا زۆر سەرسامە، هەربۆیەشە تا ئێستا هیچ روونکردنەوەیەکیان لەمبارەیەوە نەداوە.




بۆچی لە هەڕێمی کوردستان زیاتر بایەخ بە یاری تۆپی پێ دەدرێت و وەرزشەکانی دیکە فەرامۆشکراون؟

خەبات: پەریهان عومەر

لەهەڕێمی کوردستا زیاتر گرنگی بە لایەنی تۆپی پێ دەدرێت و وەرزشەکانی دیکە فەرامۆش کراون، وەکو پێویست بە دەنگیانەوە ناچن، ئەوانیش وەکو یاریەکانی لەشجوانی و باسکە و شەترەنج و تێنس و نمایشی ئوتۆمبێل و ماتۆرسواری و چەندان وەرزشی دیکە، لەسەر ئەم بابەتە چەند کەسێکی شارەزا دەدوێنین.

وەرزشوان شوان مەجید خەلیل راهێنەری لەشجوانی دەڵێت: یەکێك لە هۆکارەکان بۆ کلتوری خەڵکی هەرێم دەگەڕێتەوە، راستە لەشجوانی وەرزشێکی کۆنە تا رادەیەکیش لە هەرێمی کوردستان هەبوە، بەڵام ئێستا زۆرتر باوە ئەگەر بەراورد بکەین بە ١٠ ساڵی رابردوو، هەروەها وەرزشی لەشجوانی یەکێك لەو وەرزشانەیە کە خۆشییەکی زۆر بە هەر کەسێك نابەخشێت و وەرزشێك نییە بچێ لە گۆڕەپاندا نمایش بکەی، بۆیە لەوانەیە وەکو تۆپی پێ سەرنجراکێش نەبێت، ئەوە جیا لەوەی کە بارودۆخی سیاسی و دارایی رۆل دەبینێت، بۆ نمونە لە تۆپی پێ چەند کەسێك دەتوانن بە تۆپێك وەرزش بکەن، بەڵام لە یاری لەشجوانی پێویستیان بە کەرەستە و ئامرازێکی زۆر هەیە کە هەر کەسێك ناتوانێت ئەو ئامرازانە بکڕێت یان لە هۆڵەکان بەشدار بێت، لە کۆتاییدا دەمەوێت ئامەژە بەوە بدەم کە یاری تۆپی پێ لەو هەرێمە بە سیاسی یان حزبی کراوە و لەلایەن بەرپرسانەوە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت بۆ ئامانجێکی تر کە ئەمە جێگای داخە.

عەبدولعەزیز جەوهەر ئەمیندارای دارایی یەکێتی ناوەندی باسکەی کوردستان لەمبارەیەوە بۆ خەبات دەڵێت: لە کوردستان بەداخەوە تەنیا بایەخ بە تۆپی پێ دراوە ئەویش بە هەرەمەکی، هۆکارەکەشی تا ئیستا حکومەت خۆیندنەوەیەکی دروستی نییە بۆ ئیدارەی وەرزش کەسانێکی هەلپەرست لە بەرژەوەندی خۆیان وەرزشیان بە ئاقارێکی خراپ بردووە، یانە وەرزشییەکان بەتاییەت ئیدارەکە یان دوور لە وەرزش یانەکانیان تاپۆکردووە لە بەر ژەوەندی خۆیان و لێپرسینەوە نییە، وەکو خاوەن دێتە بەر چاو بە مەزاجی خۆیان هەلسوکەوت دەکەن، پەرلەمان رۆڵی خۆی نەدیوە لە بە یاسایی کردنی وەرزش، لە هەموو کابینەکان بە چاوێکی نزم و بێ بایەخ سەیری ئیدارەی وەرزشی دەکەن، وەرزشیان تەسلیمی تاکە کەس کردووە، هیچ شێك نەماوە لە کوردستان پێی بڵێن وەرزش، بە داخەوە وەرزشوانان بێ هەڵوێستن.



دێلبۆسکی: ڕەنگە خەڵکانێک دژم بن لە بۆچوونەکەم، بەڵام مێسی باشترینی مێژووە

ڤێسنتی دیلبۆسکی راهێنەری ناوداری پێشووتری هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریاڵ مەدرید، پەسن و پیاهەڵدانێکی زۆری لێوەنێل مێسی دەکات و بەبڕوای ئەو، مێسی مارادۆنایشی تێپەڕاندووە.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی TYCدێلبۆسکی لە بارەی بەراوردی دوو ئەفسانە مێژوویەکەی ئەرجەنتین گوتی: "مێسی یاریزانی گەڕەك و لاکۆڵان بوو. ڕوانینێکی وای هەیە بۆ یارییەکە، لەگەڵ کۆنترۆڵی بەسەرتۆپدا و مراوەغەکردنەکانی کە تا ئێستا وێنەی نەبووە. بە ڕای من ئەو لە ئێستادا باشترینی جیهانە. لە سەرەتای دەرکەوتنیدا مێسی باشترین شوێنگرەوەی مارادۆنا بوو، بەڵام دەمێکە مامۆستاکەی تێپەڕاندووە. ڕەنگە خەڵکانێك دژم بن لە بۆچوونەکەم، بەڵام لای من مێسی باشترینی مێژووە."

ڕەخنەگرانی مێسی زۆر جار ئەفسانەکەی بەرشلۆنە بەوە ڕەخنە بارانی دەکەن کە نەیتوانیوە وەك مارادۆنا نازناوی گەورە بۆ وڵاتەکەی بباتەوە. لە بەرامبەریشدا کەم نین ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە مێسی باشترینی هەموو سەردەمەکانە ئەگەرچی هێشتا تانگۆی بە نازناوە گەورەکان شاد نەکردۆتەوە.

پێرلۆ یۆڤانتۆس نوێ دەکاتەوە



ئاندریا پیرلۆ، راهێنەری یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی داوای لە کارگێری یانەکەی کردووە دەستبەرداری ژمارەیەك لە یاریزانەکانی یانەکەیان بن و لە بەرامبەردا چەند یاریزانێکی دیکە بۆ ریزەکانیان بگوازنەوە.

ڕۆژنامەی لاگازێتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردۆتەوە راهێنەرە نوێیەکەی خانمە پیرەکە داوای لە کارگێری یانەکەی کردووە دەستبەرداری هەشت یاریزانی یانەکەیان بن و لە بەرامبەردا بە پێی توانا داراییەکان چەند یاریزانێکی دیکە بۆ ریزەکانیان بگوازنەوە، ئەو یاریزانانەی کە ناوەکانیان پێشکەش بە یانە کردووە، گۆنزالۆ هیگواین، سامی خدێرا، بێرناردێسکی، دی چیلیۆ، دۆگلاس کۆستا، ئارۆن رامسی، روگانی و بلەیز ماتیۆدین.

سەرچاوەکە ئەوەشی بڵاوکردووە پیرلۆ ئامانجیەتی چاکسازی لە یانەکەی بکات و بە هێنانی چەند یاریزانێکی نوێ، کێشەکانی یانەکە چارەسەر بکات.

ڕۆنالدۆ بەباشترینی یانەکەی دەستنیشانکرا

کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، گۆڵکاری پۆرتوگاڵی یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵیا لەلایەن هاندەرانی یانەکەیەوە وەکو باشترین یاریزانی ئەم وەرزە دیاریی کرا.

ماڵپەری فەرمی خانمە پیرەکە بڵاویکردەوە هاندەرانی یانەکەیان گۆڵکاری یانەکەیانی وەکو باشترین یاریزانی ئەم وەرزە هەڵبژاردووە و دۆن بۆ دووەم وەرزی لەسەر یەك ئەم نازناوەی بەدەست هێنا، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر ئەنجومەنی سێریائەی پاولۆ دیبالایان وەکو باشترین یاریزانی ئەم وەرزەی خولەکە دیاریی کردووە.

ڕۆنالدۆ لەم وەرزە لەگەڵ یۆڤانتۆس لە سەرجەم خول و پاڵەوانێتییەکان توانی 37 گۆڵ و حەوت ئاسیست تۆمار بکات و پلەی دووەمی گۆڵکارانی ئەم وەرزەی سێریائەیشی بەدەستهێنا.



بەبەشداری یاریزانانی 10 وڵاتی ئەورووپی، پاڵەوانێتی فێرست ساترەی لە هەنگاریا بەڕێوەچوو



ڕێکخەری پاڵەوانێتییەکە بۆ خەبات: دوای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا ئەمە دووەمین پاڵەوانێتییە ڕێکیدەخەین





خەبات: هاوار مورتکەیی

بەبەشداری 43 یاریزانان لە 10 وڵاتی ئەورووپی، پاڵەوانێتی فێرست ساترەی بۆ شەترەنج لە هەنگاریا بەڕێوەچوو، کە ئەمەش دووەمین پێشبڕکێیە لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایەدا لە بۆداپستی پایتەختی وڵاتی هەنگاریا لەلایەن پەمانگای فیرست ساترەی ڕێکدەخرێت.

لەمبارەیەوە لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات پەیوەندی بە ناجی لازلۆ ڕێکخەری نێودەوڵەتی و بەڕێوەبەری پەیانگای فێرست ساترەیەوە کرد و ئاماژەی بەپاڵەوانێتییەکەدا گوتی: وەکو پەیانگای فێرست ساترەی بۆ شەترەنج بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە هەموو شەممەیەکی یەکەمی مانگ پاڵەوانێتییەکان ڕێکدەخست، کە تیایدا یاریزانە خاوەن پڕوانامە بەرزەکانی جیهان بەشداریان تێدا دەکرد، هەروەها گوتی: دوای بڵاوبوونەوەی پەتاکە ئێمەش پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بووین، دواتر دەستمان پێکردەوە و ئەمەش دووەمین پاڵەوانێتییە، دوای ئەم پەتایە ڕێکیدەخەینەوە.

بەڕێوەبەری پەیانگای فێرست ساترەی هەنگاری لەبارەی دووەمین پاڵەوانێتییەکەش گوتی: لەم پاڵەوانێتییەدا 43 یاریزان لە 10 وڵاتی یەکێتی ئەورووپا بەشداریان تێداکردووە، بەداخەوە لەم پاڵەوانێتییەدا هەر لەبەر ئەم پەتایە، شەترەنجزانانی ڕووسیا و ئەمریکا و هیند و ئیسرائیل نەیانتوانی بەشداری بکەن، هەروەها گوتی: بەشداربووانی ئەم پاڵەوانێتییە زۆربەیان هەڵگری بڕوانامە بەرزەکانی شەترەنجن GM، IM,FM ، لەنێویاندا یاریزانێکی تەمەن 13 ساڵانی تێدایە کە هەڵگری بڕوانامەی نۆرمی IMیە ئەویش Petkovە، هەوڵیشماندەاوە ڕەچاوی ڕێنماییە تەندروستییەکان بکەین لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی ئەم پاڵەوانێتییەدا.

First Saturday
Chess Tournaments
BUDAPEST
www.hotelberlin.hu
www.firstsaturday.hu

مارتینێز

هەڕەشە لە ئەرسنال دەکات

ئیمیلیانۆ دامیان مارتینیزی گۆڵچی یانەی ئەرسناڵ هەڕەشە لەیانەکەی دەکات ئەگەرهاتوو لەوەرزی داهاتوودا لەزۆرترین یاریدا بەشداری پێنەکەن.

مارتینێز دەڵێت: دەرکەوت کە دەتوانم یاری بۆ یانەکەم بکەم، کاتێك وەرزی داهاتووش هاتەوە پیویستم بەوەیە زیاتر یاری بکەم، ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ مانەوەم لە لەندەن، هەروەها گوتی: ئامانجی سەرەکیم دیاریکردنی شوێنی خۆمە لەو یانەیە، هەروەها ببمە گۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، ناوەستم تا ئەمانە دەهێنمەدی، ئەگەر لەزۆرترین یاریشدا بەشداریم پێنەکەن، ئەوا بێگومان یانەی ئەرسناڵ جێدەهێڵم.



شارا پۆڤا

بۆکسینگ دەکات

ماریا شاراپۆڤای خانمە زەبەلاحەکەی ڕووسیا، کە خاوەنی چەندین نازناوی تێنسی جیهانییە، ڕوودەکاتە ڕاهێنانی بۆکسێنگ و بڕیاریدا لەم ڕاهێنانە تازەیەیدا بەردەوام بێت.

شاراپۆڤا لە لاپەڕەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام پارچە ڤیدیۆیەکی خۆی بڵاوکردۆتەوە کە دەردەکەوێت لە کەناری دەریادا وەرزشی بۆکسێنگ دەکات، لەخوار ڤیدۆکەشدا پەیامێکی کورتی بڵاوکردۆتەوە و نوسیویەتی: ئەمە یەکەم ڕاهێنانە لە ژیانمدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە کۆتایی نابێت، چونکە پێویستم بەڕاهێنانی زیاتر هەیە.

جارێکی تر مێسییەکەی ژاپۆن بە خوازراوی فرۆشرا

یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بۆ یەك وەرز کۆبۆی ژاپۆنی بە خواستن بە یانەی ڤیاریال فرۆشت.

کۆبۆ کە بە مێسی ژاپۆن ناسراوە، بۆ دووەم جارە ئەو یاریزانە لاوە لەلایەن ڕیاڵ مەدریدەوە بە خواستن دەفرۆشرێت. بەڵام ڕاهێنەری ڕیاڵ مەدرید زینەدین زێدان بڕیاری داوە هاوینی داهاتوو ئەوکات کۆبۆی ژاپۆنی تەمەنی دەبێتە 20 ساڵ، بە یەکجاری لە پێکهاتەی ڕیال مەدرید جێگیری دەکات و چیتر بە خواستن نایفرۆشێت.

کۆبۆ تەمەنی لە خوار 20 ساڵانە، یاریزانێکی کەمئەزموون بەڵام بەتوانا و خێرا و بە جۆڵە کە یاریکردنی زۆر لە یاریزان لیۆنێل مێسی دەچێت، هەربۆیە بە مێسی ژاپۆنی ناوی دەبەن.



سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

پابەند دەبین
خەبات XEBAT
بەرەو 74 سەین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
Wed.12 Aug. 2020 No.:(5986)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

هۆڵندا...بەرهەمێکی نوێی شاعیری کورد (لەتیف عومەر) بڵاوکرایەوە





ئاشتی گەرمیانی: هۆڵندا

ماڵی شارەوانی زەیڤن بێرخن ڕۆژێکی ڕێکستبوو بۆ شاعیری کورد لەتیف عومەر کە دوا بەرهەمی خۆی بە چاپ گەیاندبوو بەناوی (کوان مەمکەکانم) کە بریتی بوو لە چیرۆکە شانۆییەك و نواندنی ئەو کارئەکتەرانەی کە ئەمڕۆ ڕۆڵی ڕابردوو وە ئێستا دەگێڕن ، زۆربەی لە ئامادە بوان ئەندامانی شارەوانی موردایك بوون ، لەسەرەتاوە بەڕێز پەیتەر خیلیند ڕوناکی خستە سەر بەرهەمەکانی شاعیری کورد لەتیف عومەر کە لە کوردستان و هۆڵەندا بە چاپی گەیاندووە، دواتری باسی ئەو بەسەرهاتەی کرد کە لە دوا بەرهەمیدا بڵاوی کردۆتەوە.لەتیف عومەر پاش ٣٢ ساڵ لە نیشتەجێ بوونی لە شارەوانی زەیڤن بێرخن هەمیشە بەردەوام بوە لەکار و چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری و کەلتووری بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد و کەلتووری کورد بە کۆمەڵگای هۆڵەندی و ئەوروپی ، بێگومان لە کوردستانیش لە شاری سلێمانی ئەرشڤێکی دوور و درێژی هەیە لەگەڵ شانۆ و شیعرو چالاکی هونەری ، بۆ درێژە پێدان بەو کار و چالاکیانە لە زۆر ڕێکخراو سەندیکای هۆڵەندی و پەنابەران و ڕێکخراوە کوردییەکان ئەندامێکی چالاکە ، لە ساڵی 2005 کۆمەڵەیەکی کوردی دامەزراند بەناوی کۆمەڵەی کوردی موردایك بۆ ئەو ڕەوەندە کوردانەی لە هۆڵەندا نیشتەجێن ، ساڵانە چەندین بەرنامەی جیاجیای پێشکەشی ڕەوەندی کوردی کردوە وەکو ئاهەنگی کوردی و گۆرانی کوردی و یەکترناسین و کۆڕ و سیمینارو ڕۆژی ڤالانتاین و ئاهەنگی 21 ی نەورۆز کە ساڵانە ئەنجامی ددات لەگەڵ ڕۆژی منداڵانان و ئافرەتان و ڕۆژی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و زۆری چالاکی هونەری دیکە، ساڵانە پێشانگایەکی ئەنتەرناسیونالی بۆ هونەرمەندانی کورد دەکاتەوە لە هۆڵە جیاجیاکانی شارەوانی موردایك ، لەو چالاکی یە هونەریانەدا خەڵکانێکی زۆر لە هۆڵەندی و ڕەوەندی کورد و نووسەر و ڕۆشنبیرانی هۆڵەندی و کوردی تامادەی ئەو یاد و چالاکیانە دەبن .

لەتیف عومەر هیچ کات دانەبڕاوە لە ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆی بەتایبەتی کوردستان کە بەردەوام شیعری بۆ نووسیوە لەهەمو خەون و خەیاڵ و ئازارز و خۆشی و ناخۆشی یەکانیدا ، هەردەم لەگەڵ ئازاری ستەمەکانی پارچەکانیدیکەی کوردستاندا بووە ، ئەوەش بە بڵاو کردنەوە و لەچاپ دانی چەندین پەرتووك و دیوانە شیعرو بڵاوکراوەی جیاجیا.ڕۆژنامە هۆڵەندیەکان زۆر گرنگی بەو جۆرەچالاکیانە دەدەن ، لە زۆر ڕووداوی جۆراو جۆری کوردستان پەیوەندی بە (لەتیف عومەر) وە دەکەن بۆ ، ڕۆژنامەی (بی ئین دستێم) کەلە هەرێمی نۆردبراباند ڕۆژانە دەردەچێت لە دیدارێکی گرنگدا کە ڕۆژنامەکە یەك لاپەڕەی بۆ شاعیری کورد لەتیف عومەر تەرخان کردبوو سەبارەت بە ئەزموون و کارو چالاکی و بەرهەم ڕو دیدەی سەبارەت بە دەست درێژیەکانی تورکیا و چەوساندنەوەی میللەتی کورد لە باکووری کوردستان و ئەو ئازارە درێژو قوولانەی کە تاکی کورد دەیکێشێت بەدەست ڕژێمی تورکیا و داگیرکەرانی کوردستان . دوای بڵاو بونەوەی ئەو دیدارە لە ڕۆژنامەکەدا لە ٢٠٢٠/٧/٧ ناڕەزایی و تووڕەبوون و ڕەخنەیی تورکەکانی لەهۆڵەندا بەدوای خۆیدا هێنا ، بەڵام لەتیف عومەر سەرسەختی و هەستی نەتەوایەتی خۆی خستە پێش هەمو ئەو کاردانەوانەوە .



ئەستێرەیەکی ئاوازی کوردی ماڵئاوایی لێکردین ..

هونەرمەندی دیاری کورد، مامۆستا (سابیر کوردستانی) بە هۆی تووشبوونی بە کۆرۆنا و مانەوەی لە ژێر چارەسەری پزیشکی، ئەمشەو لە سلێمانی ماڵئاوایی لێ کردین .

مامۆستا سابیر محەمەد ئەحمەد، ناسراو بە «سابیر کوردستانی» لە 1955 لە کەرکوك لەدایکبووە. لە تەمەنی منداڵیدا بەهۆی بەکارهێنانی چارەسەری نەخۆشی بەهەڵە، چاوەکانی لەدەستدەدات. خاوەن دەیان گۆرانییە کە وەک خۆی دەڵێت: «زۆربەی گۆرانییەکانم ڕووداوێکی ڕاستی لە پشتەوەیە، بە تایبەتیی ئەو گۆرانییانەی کە خۆم تێکستەکانیم نووسیوە».

مامۆستا کوردستانی لە ساڵی 1970وە دەستی بە کاری هونەری کردوە، بە یەکێك لە هونەرمەندە بەئەزموونەکانی کورد دادەنرێت، خاوەنی چەندین گۆرانی و ئیدیۆ کلیپە. و ساڵی 1971 یەکەم گۆرانی لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک تۆمارکرد .. ڕۆحی شاد ، بەدڵنیاییەوە ئاوازو دەنگە شیرینەکەی هەرگیزنامرێت ..

ڕێبوار هەورامی

شەهریار جەمشیدی

ئەلبوومێکی میوزیک پێشکەش بە ڕۆژئاوا دەکات

هەمزە سەرحان

شەهریار جەمشیدی میوزیکسیانی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەلبوومێکی میوزیکی تایبەت بە ئامێری کەمانچە بڵاوکردەوە بە ناونیشانی 'ڕۆژئاڤا وڵاتی خۆرنشینی منە و داهاتی ئەلبوومەکەشی پێشکەش بە ئەو ژنە کوردە تێزیدییانە دەکات کە قوربانی دەستی داعش-ن.ناونیشانی ئەلبوومەکە (My Sunset-land RO-JAVA) یە، واتا ،ڕۆژئاڤا وڵاتی خۆرنشینی منە نۆتراکی میوزیك لە خۆدەگرێت کە تایبەتە بە ئامێری کەمانچە، یەکەمین تراکی ئەلبومەکەی بە ناوی (ڤیان) پێشکەشکردووە بە ڕۆحی شەهید ڤیان پەیمان، هەروەها سێ تراکی دیکەی پێشکەشکردووە بە)دێرسیم(و)ڕۆژهەڵات(و)شەنگال(. جێگای ئاماژەیە ئەم ئەلبومە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەفرۆشرێت و داهاتەکەشی دەبەخشرێت بەو ژنە کوردە تێزیدییانەی کە قوربانی دەستی گروپە چەتەکانی داعش-ن.شەهریار جەمشیدی، لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری کرماشان-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە، ساڵی ١٩٩٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی میوزیك لە زانکۆی هونەری تاران بەدەستهێناوە و ژەنیاری ئامێری کەمانچەیە و چەندین کۆنسێرتی لەتێران سازکردووە و چەند جارێکیش بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کۆڕ و چالاکی هونەری سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و خاوەنی پێنج ئەلبومی میوزیکییە، لە ئێستادا سەرپەرشتی گروپی میوزیکی دیلان دەکات و لەوڵاتی کەنەدا نیشتەجێیە.





هاووڵاتییەکی تونس بە ڕاوی مار بژێوی ژیانی پەیدا دەکات

بەشیر بیجاوی هاووڵاتییەکی تونسییەو تەنیا بە نۆڵێکی لە کانزا دروستکراو سەرکێشییەکی مەترسیدار ئەنجام دەدات، ئەویش ڕاوکردنی مارە.

بەشیر بیجاوی تەمەن 44 ساڵ لەڕێگەی ڕاوکردنی مار لە "دۆڵی مەهجورە" باشووری تونسی پایتەخت، هەوڵ دەدات بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات.





کاریکاتێر (وەرگیراوە)